**دیمانەیەکی تایبەت سەبارەت بە لەشکرکێشی ڕژێمی فاشیستی تورکیا...ل6**

# پیرۆزبێت یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی نێونەتەوەیی چینی کرێکار!


# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی شەشەم ژمارە(120) بەرواری 1-5-2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت




## سەردەشت عوسمان: تا ئەوکاتەی ماوین دەبێت قسە بکەین، ئەوکاتەی تەمەنیشم کۆتایی دێت، با هاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن و سەرلەنوێ بە دێرێکی تر دەستپێبکەنەوە...

پێنجی ئایار، ١٢ ساڵ بەسەر ڕفاندن و تیرۆرکی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا تێدەپەڕێت و هێشتا نەخشە داڕێژەران و بکوژانی ئازادن...تا ئەوکاتەش کە تۆمەتبارانی ڕاستەقینە لە دادگایەکی عادلانەدا سزای خۆیان وەردەگرن، ئەم دۆسیەیە بۆ بەرەی ئازادیخواز و ئینساندۆست بە کراوەیی دەمێنێتەوە و سەردەشتیش تا هەتا هەتایە سومبولی ئازادییە...

## وتەی ژمارە

## تیرۆری سەردەشت عوسمان و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی


عەبدوڵا مەحمود


ڕفاندن و تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان بەشێوەیەکی دڕندانەی کەم وێنەو ئاشکرا، لەشاری هەولێردا، بە خێرایی کاردانەوەی بزوتنەوەی ئازادی و ئازادیخوازی و کۆمەڵگەی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. بزوتنەوەیەک کە هەمیشە ئامادەیی هەیەو بۆتە بەشێک لە واقعیەتی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگە



کوردستان و گوشارێکی هەمیشەیی لەسەر دەسەڵات و بەرەی کۆنەپەرست و دژە ئازادی.

لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ ڕفاندن و پاشان تیرۆری سەردەشتدا، نەک تەنها بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە، نەک تەنها بلۆکی چەپ و کۆمۆنیستەکان، نەک تەنها نووسەر و ڕۆژنامەنووسە ئازا و ئازادیخواز و سەربەخۆکان، بەڵکو ریزێکی بەرین لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، تەنانەت بەشێک لە کادر و نووسەری سەر بەدەسەڵاتیش، نەفرەتی خۆیان بەرووی تیرۆری سەردەشت عوسماندا ڕاگەیاند و بەشێوازی جۆراوجۆر کاردانەوەیان نیشاندا. خۆیان بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی و نەفرەت لە تیرۆر و تیرۆریزم هەڵواسی. هێندەی بۆیان کراو لوا، نمایش و بەرگی بەرگری لە ئازادی و ئازادیخوازی و ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسیان کردە بەریان. بەڵام هاتنە مەیدانی بەرەی بۆرژوازی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و خۆ هەڵواسینی بە بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەدا بۆ بەرگری لە ئازادی و ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری... نەبوو، بەڵکو ڕێگایەک بوو بەمەبەستی خۆڵکردنە چاوی جەماوەری نارازی


بۆ لاپەڕە 2


## یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار لە کوردستان بە ڕێپێوان و مەراسیمی شکۆدار بەڕێوەچوو!



بە بۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی نێو نەتەوەیی چینی کرێکار، ئەمساڵیش کرێکارانی کوردستان بە دەستپێشخەری حزب و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری، بە ماوەیەک لەوەپێشەوە ئامادەکاری بۆ پێشوازی لە یەکی ئایار کرا. زۆربەی شارو شارۆچکەکان، بە دروشمە چینایەتییەکانی ئایار و داخوازییەکانی کرێکاران، لە...


بۆ لاپەڕە 3


## بانگەوازێك لە ڕێكخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داكۆكی لە ئازادی...ل3

**لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێیننەوە:**


* کۆمەڵی ماسک.........................................................................ل4
* سەرگەردانی سیاسی یان تێکۆشانی چینایەتی.................................ل4
* کاریگەری ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا و هەناردەی گازی هەرێم...ل10


## دۆسیەی ژمارە"دوانزەهەمین ساڵیادی تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان"

هەریەك لە بەڕێزان محسین كەریم، دیاری چالاك و كامەران محەمەد بەشداری دۆسیەكەیان كردووە....

ل11-12



کامەران محەمەد




دیاری چالاک



محسین کەریم

**دیمانە سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێ عێراق لەگەڵ بەڕێز ئامانج نوری...ل13**




پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

بەسەرکوت و بێ مافی، دەروازیەک بوو بۆ خۆت جوتکردن لەگەڵ نەفرەتی جەماوەریدا بەرووی تیرۆری سەردەشت و تیرۆریزم و سەرکوتی ئازادی کاری رۆژنامەگەریدا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زەخیرەی گوشار بۆسەر دەسەڵات لە پێناو ئامانجەکانی خۆیاندا.

ئەو کاتەی سەردەشت عوسمان تیرۆر کرا، کۆمەڵگەی کوردستان لەجەرگەی ململانێی نیوان دەسەڵات و بەرەی بۆرژوزیدا بوو، ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی توانیبووی بزوتنەوەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری جڵەو بکات و خۆی بەخواستەکانیەوە هەڵبواسێت، تیرۆری سەردەشت عوسمان لەو هەلومەرجەدا، بووە دەروازیەک تا بەرەی بۆرژوازی بەگشتی و بزوتنەوەی گۆڕان، بەتایبەتی بەهرەبەرداری لە تیرۆری سەردەشت عوسمان بکات. بەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد چۆن توانی سواری بزوتنەوەی نارەزایەتی فراوان و کەڵەکەبوونی چەند ساڵەی دوای روخانی دەسەڵاتی بەعس بێت، ئاواش ویستی بەخۆ هەڵواسین بەدۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان، پرسی ئازادی و بەرگری لە ئازادی و کاری رۆژنامەگەری... بکاتە دەستمایەی سات و سەودا لەگەڵ دەسەڵات و زیاتر لەوەش لە چوارچێوەی ئامانجەکانی خۆیدا پرسی ئازادی لە قاڵب بدات.

ئەو لەشکرە لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد کە لە کاتی تیرۆری سەردەشت عوسماندا هاتنە مەیدان و ئەم کردەوە تیرۆریستیەیان ئیدانە کرد، لە بنەرەتدا بروایان بە ئازادی سیاسی بێ قەیدو شەرت نەبوو، بەڵکو بەرگریان لە ئازادی بەدەیان مەرج و بەند و پێشگر و پاشگر و ئەگەر و مەگەر و بەلامەوە... گرێدابوو، کاردانەوەشیان بەرامبەر بە تیرۆری سەردەشت عوسمان و تیرۆرەکانی تر، بەدەستەوەگرتنی کەیسەکانیان بوو بۆ مەرامی سیاسی و تەماحی حزبی و دەستگیربوون لەدەسەڵاتی سیاسی و بوون بە هاوبەشی دەسەلاتی بکوژی سەردەشت و کاوە و ویداد و ...تاد.

ئەوەی بەکردەوە لە گۆرەپانەکە بۆ بەرگری لە ئازادی و ئازادی بێ قەیدوشەت مایەوەو ئێستاش لەمەیداندایە و سنوربەندیەکی رۆشنی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هەیە، چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەن، کە نەک تەنها بڕوایان بە ئازادی بیقەید وشەرتی ئازادی سیاسی و ئازادی کاری رۆژنامەنووسی هەیە، بەڵکو بە کردەوە بەشێکن لە بزوتنەوەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی بۆرژوازی کورد و بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە.

بۆرژوازی کورد، بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، چۆن پرسی نان قوتی خەڵکی کوردستان، دۆسیەی گەندەڵی و چاکسازیان، بەدەستەوە گرت بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات و دەستیان لە پۆست و پارە گیر بێت، ئاواش دۆسیەی ئازادی و ئازادییەکانیان بە دەیان ئەمماو ئەگەر و پەروەندەی تیرۆری رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، بەدەستەوە گرت بۆ هەمان مەبەست...

دیارە رابەری و کاراکتەرە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان، کارنامەیان لە پەیوەند بە پرسی ئازادی و ئازادی سیاسی، ئازادی رۆژنامەگەری و بیروباوەر و چاپەمەنی، و مافە فەردی و مەدەنیەکان، زۆر لەوە رۆشنتر بوو، کە بتوانن تاسەر خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کوردستان و هەر زووش بەرەی چەپ و کۆمۆنیزم، کۆمەڵگەیان لە پڕوپاگەندەو درۆسازی بزوتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانەکانیان ئاگادار کردووە، کە ئەمانە نەک هیچ تەبابیەکیان لەگەڵ ئازادی و ئازادییەکان نییە، بەڵکو بەشێکن لە هێز و پایەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو لە بنەرەتیشدا ئەو بزوتنەوەیە لەدەسەڵات بێت یان ئۆپۆزیسیۆن هێزی دژە ئازادی و دژە شۆرش و دژی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانن.

بۆیە کاتێک ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەناوی "راگرتنی ٤ ساڵی ئارام" بەرەو بارەگای دەسەڵات دەچن و دەبنە بەشێک لە دەسەڵات، درۆو پروپاگەندەی بەرگری لە ئازادی و بەدەستەوەگرتنی دۆسیەی سەردەشت عوسمان و دۆسیەی ئازادی کاری رۆژنامەگەری... بەکردەوە خۆی نیشان دەدات و کاریان بەسەر پرسی ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و دۆسیەی سەردەشت عوسمانەوە نامێنێت و دواتریش لەبەرامبەر دەیان دۆسیەی تر لە دۆسیەی بکوژانی خۆپیشاندەرانی ١٧ شوباتەوە تا دەگاتە دۆسیەی گیراوەکانی بادینان، بێدەنگە هەڵدەبژێرن.

ئێستا کە بەرەو یادی ١٢ ساڵەی تیرۆری سەردەشت عوسمان دەچین، بەرەی بۆرژوازی کورد، لە بارەگای دەسەڵاتی کوردیدا، جێگایان گرتووەو بەشێکن لەو دەسەڵاتەی دەستی بەخوێنی سەردەشتەکانی کوردستان سورە، بەشێکن لەو دەسەڵاتەی قوتی خەڵکی کوردستان بە ئاشکرا لوش دەدەن و موچەی کرێکاران و کارمەندان دەبڕن و دوادەخەن، خزمەتگوزارییەکان بەرەو نابوت بوون و نەمان دەبەن، دزی و تالانی لەگەڵ دەسەڵات بەش دەکەن. لەگەڵ دەسەڵاتیش بەرووی هەر دەنگێکی ئازادو ئازادیخوازانەدا دەوەستنەوە. لەپاڵ بلنگۆی مزگەوتەکاندا، ئاوازی کۆنەپەرستی دژە ژنی دەچڕن، لەگەل ئیسلامیە ئیخوانی و وەهابیەکانی هاوپەیمانیاندا، دەستیان لەناو دەستی یەکترییەو بەدژی مافە فەردی و مەدەنیەکان، دەوەستنەوە.

بۆرژوازی کورد و ئۆپۆزیسیۆنەکەی کە ئامانجیان پارێزگاری لە دەسەڵاتی چەوسێنەری سەرمایەدارییە و توند دەستیان بە پایەکانی سەرمایەدارییەوە گرتووە، هیچ کاتێک ناتوانن ئازادیخواز و بەرگری لە ئازادی بکەن.. بەرگری دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد لە ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان، هەر هێندەی بەرگری جۆرج بۆش و کلنتن و ئۆباما و حەسەن روحانی و ئۆسامەبن لادن و ئەبوبەکر بەغداد و مقتەدا سەدرە ...تاد. کە ناچارن ماسکی ئازادیخواز بوون و بپۆشن، تا بەو بەرگ و ماسک و لباسەی دیموکراسی بۆژوازییەوە، پەلاماری ئازادییەکان و تابۆ شکێنەکان بدەن. بەرگری لە ئازادی تا ئەو جێگایە بۆیان مانای هەیە، کە نەبێتە هەرەشە بۆسەر پایەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری. ئازادی و ئازادیخوازی بۆرژوازی هێندە بڕ دەکات، کە بەرەو شۆڕش و ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە نەڕوات. ئازادی و ئازادیخوازی بۆرژوازی لە پایەترین ئاستیدا دیموکراتی بۆرژوازییە، کە تەنها لەچوارچێوەی نیزامی باڵادەستی سیاسی ئێستای سەرمایەداریدا بۆی هەیە لەشەقەی باڵ بدات، بەڵام کاتێک خودی نیزام و پایەکانی دەسەڵات و رەمزە بەپیرۆزکراوەکانی دەکاتە نیشانە باڵەکانی دەشکێنن.

بۆرژوازی کورد، وەکو رۆڵەی بەوەفای بۆرژوازی، زۆر لە ئاستی ئەو دیموکراسیەی بۆرژوازیەش لەدواترە کە بۆرژوازی لە دنیادا شانازی پێوە دەکات. هێشتا یاساکان لە کوردستان، یاسای سەردەمی بەعس و دەرکێشراوی ئیسلامی محەمەدین کە داعش رولەی وەفاداریان بوو. هێشتا ناتوانن و زاتی دەستبردن بۆ گۆڕینی یاساکانی سەردەمی بەعسیان نییە. هێشتا رۆژنامەنووسان و هەڵسوڕوانی سیاسی، بە یاسای سزادانی عیراقی دەخەنە کونجی زیندانەکانەوە و بێ دادگایی بەساڵ دەیانهێڵنەوە. هێشتا دۆسیەی دەیان هەزار ژنی کوژراو ناچار بە خۆسوتاندن کردن و خۆکوشتن کراو، بە کراوەیی ماوەتەوەو بکوژانیان ئازادن. هێشتا بکوژی هیچ تیرۆرێکی سیاسی لەلایەن دەسەڵاتەوە، دەستی یاسای پێ نەگەیشتووە. هێشتا پەروەندەی تیرۆری هیچ رۆژنامەنووسێک ئاشکرا نەکراوەو بکوژانی نەک سزا نەدروان، بەڵکو تا ئێستا رۆڵی جەلاد دەگێرن و خەریکی سزادانی ئازادی و ئازادیخوازین.

دۆسیەی تیرۆری سەردەشت عوسمان، بەرەو دوانزە ساڵ دەڕوات، بەڵام چونکە لە دنیای واقعی ژێر سایەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد دا، یاسا گاڵتەجارییە، لێپرسینەوە لەدەستی خۆدی جەلاددایە، چ دۆسیەی سەردەشت عوسمان چ دەیان دۆسیەتی تری پەیوەند بە ئازادی و ئازادییەکان و بە کراوەیی ماونەوەو هەر ڕۆژەش تورەیی جەماوەری لەم کردەوە تیرۆریستیانە و دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەکەی و مۆتۆری پشتیان، بەرەو هەڵکشان دەچێت.

تا ئەو ڕۆژەش ئەو دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەی پارێزەری لە مەیداندابن، باوەڕ بەوەی دەستی یاساو سزای عادلانە بگاتە بکوژانی سەردەشتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، لە وەهم زیاتر نییە. رێگا شۆرشە بۆ ژێرەو ژوورکردنی ئەم دەسەڵاتە و بەسزاگەیاندنی بکوژی سەردەشتەکان.

**سەرەتای ئایاری ٢٠٢٢**

**ئەو لەشکرە لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد کە لە کاتی تیرۆری سەردەشت عوسماندا هاتنە مەیدان و ئەم کردەوە تیرۆریستیەیان ئیدانە کرد، لە بنەرەتدا بروایان بە ئازادی سیاسی بێ قەیدو شەرت نەبوو، بەڵکو بەرگریان لە ئازادی بەدەیان مەرج و بەند و پێشگر و پاشگر و ئەگەر و مەگەر و بەلامەوە... گرێدابوو، کاردانەوەشیان بەرامبەر بە تیرۆری سەردەشت عوسمان و تیرۆرەکانی تر، بەدەستەوەگرتنی کەیسەکانیان بوو بۆ مەرامی سیاسی و تەماحی حزبی و دەستگیربوون لەدەسەڵاتی سیاسی و بوون بە هاوبەشی دەسەلاتی بکوژی سەردەشت و کاوە و ویداد و ...تاد.**

# درێژەی... یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار لە کوردستان بە ڕێپێوان و مەراسیمی شکۆدار بەڕێوەچوو

ڕێگای بڵاوکردنەوەی دەیان و سەدان لافیتەو تراکت و بانگەوازەکان بۆ بەرز ڕاگرتنی یەکی ئایار ڕازێنرایەوە. هەروەها تیمەکانی بڵاوکردنەوەی پۆستەرو لافیتەکان، لەگەڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش گفتوگۆیان ئەنجامدا. هاوکاتیش مەراسیم و ڕێپێوانی ئایار خرایە ڕۆژی جیهانی سەلامەتی شوێنی کار کە دەکاتە ٢٨/٤/ .



هەربەو بۆنەیەوە بۆنەی یەکی ئایار و ڕۆژی جیهانی سەلامەتی کار، لە شاری سلیمانی لەکاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ ڕێپیوانێک لە سەهۆڵەکەوە بەرەو باخی گشتی سازکرا، ڕێپیوانەکە بە بەشداری کریکاران و کارمەندان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کریکاری و جەماوەری و بە بەرزکردنەوەی دروشم و داخوازییەکانی کرێکاران، ڕازاێنرابۆوە، پاشانیش بەرنامەی یەکی ئایار لە مەراسیمێکی شایستەدا لە پارکی نالی بەڕێوەچوو... مەراسیم بە سرودی ئەنتەرناسیونال و بە دەقیقیەک بێدەنگی بۆ قوربانیانی شوێنی کار دەستی پێکرد. پاشان بەوتاری کۆمیتەی مەراسیم و خستنەڕووی داخوازیەکانی کرێکاران، چەندین وتار و پەیام درێژەی پێدرا. دواتر چەندین وتەو وتار لەلایەن ئامادەکارانی ڕێپێوانەکەو و ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاریی و کۆمۆنیست و چەپەوە پێشکەش کرا...

هاوکات لە شاری کەرکوکیش بەمەبەستی بەرزراگرتنی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کریکار، ڕێپیوانێکی تر بەڕیوەچوو، کە کرێکاران و کارمەندان و چالاکوانانی بزوتنەوەی کرێکاریی وجەماوەری لەڕێگای لافیتەو دروشمەکانەوە داخوازییەکانی کرێکارانیان خستەوە ڕوو...

لەهەردوو مەراسیم و ڕێپیوانی یەکی ئایاری سلێمانی و کەرکوکدا، "نان و کار و ئازادی و خزمەتگوزارییەکان" سەرەکی ترین داخوازی کرێکارانی کوردستان بوون...

شایانی باسە، هەموو ساڵێک کرێکارانی کوردستان لە پاڵ هاوچینەکانیاندا لەسەراسەری دنیا، بۆ ڕێزگرتن لە یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کریکار، لەدەوری یەکتری کۆدەبنەوە، مەراسیم و ڕێپێوان ساز دەکەن، داخوازییەکانیان دەخەنە ڕوو، بە کۆمەڵگەی نیشان دەدەن کە ئەوان بەشێکی دانەبڕاون لە چینی کریکاریی جیهانی، کە دنیا بەهۆی کارو ڕەنجی ئەوان دەچەرخێ و هەرکاتێک ئەوان چەرخەکانی بەرهەمهێنان، ڕابگرن، کۆمەڵگە لە جوڵە دەکەوێت...

## بژی یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار.

# بانگەوازێك لە ڕێكخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داكۆكی لە ئازادی

بانگەوازێک بۆ داکۆکیکارانی ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان لەگەل ریزماندا بۆتان و بەهیوای تەندروستی باش و، سەرکەوتنتان لە داکۆکی لە مافو ئازادیەکانی خەلکی کوردستان.




بەرێزان: وەک ئاگادارن لەو ساتەوەی سەردەشت عوسمان تیرۆر کراوە لە لایەن سەرانی دەسەلاتەوە ئەمرۆژە بۆتە رۆژی نارەزایەتی بە دژی ئەم تاوانەی دەسەلاتو هاوکات بۆتە رۆژی نارەزایەتی گشتی دژی هەمو کارە تیرۆریستیەکانی پێش و پاش ئەو رووداوە . تەنانەت گرێی خواردەوە بە مافی و ئازادیە گشتیەکانی تری کۆمەلانی خەلکی چەوساوەی کوردستانەوە هەمو سالێ بە شیوازی جۆراوجۆر وێرای بەرزراگرتنی یادی سەردەشت و گشت تیرۆرکراوەکانی تر هاوکات بۆتە رۆژی نارەزایەتی دژی دەسەلات بۆ خواستەئابوری و کۆمەلایەتیەکانش. بۆ ئەمسالیش دەستەی بەرێوەبەری رێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ داکۆکی لە ئازادی لە کوردستان پێشنیاز دەکات کە ئەمسال بەشێوازێکی رێکخراو ترو گشتی تر و جەماوەری تر ئەم رۆژە رێزبگرێ و هاوکات بکرێتە رۆژی نارەزایەتی بەرامبەر دەسەلات و خستنەڕووی سێ داواکاری سەرەکی بەرهەقی خەڵکی ستەملێکراو.

داواکاریەکانیش بە ڕای ئێمە ئەمانەن:

یەکەم : دەسگیرکردن و دادگایی کردنی ئاشکرای بکوژانی سەردەشت و هەمو تیرۆرکراوەکانی تر لە هەلسوراوانی سیاسی و رۆژنامەنوسان و نوسەران و بکوژانی ژنانیش. وە هاوکاتیش پابەند بونی دەسەلات بە ئازادی سیاسی و رۆژنامەنوسی بەبێ هیچ هەرەشەو تۆقاندن وسانسۆرێک.

دوەم: ئازاد کردنی دەسبەجێی هەمو زیندانیانی سیاسی و رۆژنامەنوسان بە تایبەتی دەسگیرکراوانی بادینان.

سێهەم: وەلام دانەوەی دەسەلات بە داوا رەواکانی خەلکی لە خزمەتگوزاریەکان و بە تایبەتی دانی کرێ و موچە بە بێ دواکەوتن و لێبرین.

بەرێزان:

هەر لێرەشەوە وێرای داواکاری لە هەمو چالاکوانانی داکۆکیکار لە مافو ئازادیەکان بۆ پێکهێنانی دەستەکانی سەرپەرشتی لەهەر شارو شارۆچکەیەک لە کوردستان و ولاتانی دەرەوە بە سەربەخۆ هاوکات داوا لە حزب و رێکخراوەو ناوەندو تۆرو ...هتد دەکەین هانی ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان تا بەشداری و پشتیوانی خۆیان بۆ ئەم کاروچالاکیە.

دەستەی بەرێوەبەری رێکخراوی سەردەشتیش هەول دەدات وێرای پەیوەندی و هاوکاری وبە هەمو شێوازیک لەگەل ئەو دەستانەی کە پێک دێن بۆ سەرپەرشتی نارەزایەتیەکان هەروەها تا رۆژی نارەزایەتی کە ٥ ئایارە ، کۆمەڵێک چاوپێکەوتن و گفتوگۆو کاری هاندان و راگەیاندنی تر لە دەزگاکانی راگەیاندن و شۆسیال میدیاوە ئەنجام بدات بۆ رێکخستنی یادو نارەزایەتیەکی گشتی وجەماوەری سەرکەوتو بە بێ بەلارێدا بردنی و بەریەککەوتن و توندوتیژیەک.

بە هیوای هاوکاری و یەکگرتوی گردبونەوەی زۆرترین بەرگریکارانی ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان لەم یادو نارەزایەتیە گشتیە.

تکایە هەر پرسیارو سەرنج و پێشنیارێکتان هەیە دەستەی بەرێوەبەری رێکخراوی سەردەشت ئاگادار کەنەوە.

بەم ئەدرەس ئیمەیلە:

serdasht.osman@gmail.com

سەرکەوتوبن

# کۆمەڵی ماسک..



**نووسینی: شەماڵ بارەوانی**

**بەشی یەکەم**

کۆمەڵی ماسک، ئەو کۆمەڵەیە: لێناگەڕێت تاکەکان بەپێی حەز و ئازادی و ئارەزووی خۆیان بژین. لە کۆمەڵی ماسکدا، ئازادی مرۆڤەکان بە کۆمەڵێک تابووی ئایینی و بڤەی مەزهەبی و هێڵی نەریت و تەلبەندی خێڵ و تابووتی نێرسالاریەوە، دەور دەدرێت. لە کومەڵی ماسکدا، مەرج نییە، تاکێک کە ماسک دەبەستێت، حەزی بەو بەستنەی ماسک بێت و بە ویست و ئازادی و ئیرادەی خۆی ئەو ماسکەی بەستبێت، نەخێر، بەڵکوو ئەو ناچاری بەستنی ماسک کراوە.

لە کۆمەڵی ماسکدا، کاتێک لێناگەڕێن تۆ خۆت بیت، بە ویستی خۆت هەڵبژێریت و بە حەزی خۆت و بەپێی خەون و خولیا و ئاواتەکانی خۆت بژیت، بە پێی بیروباوەڕ و قەناعەتی خۆت ژیان هەڵبژێریت و بە پێی ئازادی خۆت بژیت، هەموو شتێکت دەبێت بەپێی هەڵبژاردنی ئەویتر و لەسنووری حەز و ئارەزووی ئەوانیتر بێت، بۆ ئەوەی بژیت، ژیانێکی بێ حورمەتکرا و ئەتکراو.

ژیانێکی لەمانا بەتاڵ کرا و بە قەفەس کراو. ژیانێکی دەستبەسەرداگیرا و بێ بەهاکراو، ئەوە دەبێت ڕەگەڵ مێگەڵ بکەویت و تۆسەر بە ئایینی دەوڵەت بیت، هەڵگری ئەو ئەقیدە و بیروباوەڕە بیت، کە هەموان لەسەری دەڕۆن.

لەسەر مەزهەبی گشتی بیت و وەکو پەندە کوردیەکە دەڵێت (تەبای عامیٔ، دەچمە شامیٔ) بژیت و، ڕێک هاوشێوەی ئەوانیتر بیربکەیتەوە و کۆپی پێستی تێگەیشتن و دۆگم و سێبەری ئەوانی تر بیت.

بە هەمان شێوەی ئەوان بپۆشیت و ڕێگا بکەیت و ڕێک نوسخەیەکی قەناعەتی ئەوانیتر بیت. هەرگیز، بوێری ئەوە نەکەیت جیاواز ببینیت و بیربکەیتەوە و هەنگاو بهاوێژیت و خاوەنی ڕوئیا و بیرو باوەڕێکی تر و دیدێکی تر بیت، گەرنا لە کۆمەڵی ماسکدا، هەرگیز، تۆ جێگات نابێتەوە.

لە کۆمەڵی ماسکدا، ناچار دەکرێیت لە ئاشکرایی و لە بەردەم هەمواندا، شتێک بکەیت و بڵێیت، کە بڕوات پێی نییە، لە کۆمەڵی ماسکدا، شتێک بە سەرتاکدا دەسەپێندرێت، لەناخەوە قەناعەتی پێی نییە.

لەبەر لۆمەی خەڵک و سەرزەنشتی ئەویتر و پێوەرەکانی نەریت و ڕێساکانی خێڵ و سیاسەتی باو ترسی خێزان و تابووی ئایین و هەڕەشەی مەزهەب، ئەنجامی دەدات.

کۆمەڵی ماسک، بە زۆری مرۆڤەکان دەکات بە دوو ڕوو و دەبڵ مۆڕاڵ، مرۆڤێک لە ترسی یاسا توندەکانی دەوڵەت، سەرزەشت و لێ پێچینەوەی خێزان، لۆمەی کۆمەڵ و ئەوانیتر، کەڵبەی مەزهەب و ئەقڵیەتی بابسالاری و لە دەرەوە و لە بەرچاوی هەمواندا، لەچک و باڵاپۆشی بکات.

نموونەی: کۆماری ئێرانی ئاخوندەکان، دەوڵەتی ئیسلامی داعشی تیرۆرست، ئەفغانستانی تاڵیبانی فۆندەمێنتالیست، سیستەمی وەهابیزمی سعودیا، دواجار تاک، هەرکە لەو قەفەسی ماسک و تونێلی مەزهەب و دەوڵەتی ئایینی و بۆتەی دیلێتیەدا، ئازاد بوو و بواری بۆ ڕەخسا و ترسەکە نەما، ئەو لەچک و باڵا پۆشیە بە زۆر بەسەردا سەپێندرا و پێکراوە، خێرا فڕێدەدات و دەیان سوتێنێت. ئیتر ئەو هەموو کەپتەی چەند ساڵەی ناوەوەی دەتەقێتەوە و ئەوە دەکات خۆی حەزی لێیەتی و چەندین ساڵە، بەهۆی بت و هێڵ و قەدەغە و ڕێگری و فشارەکانی کۆمەڵی ماسکەوە، بەهۆی تابووی ئایین و کەڵبەی مەزهەب و هەڕەشەی خێڵ و نەخۆشی و جەهل و دواکەوتوویی ئەقڵیەتی پیاوسالاری و ترسی خێزانەوە، لە ناخیدا کەپتی کردووە و پەنگی خواردووەوەتەوە و لێی قەدەغەکراوە..

**ماویەتی**

# سەرگەردانی سیاسی یان تێکۆشانی چینایەتی



**نووسینی: عەبدالرحمن رەسوڵ**

ئەم جارەیان لەهەبوونی چەند هەواڵێکەوە دەچینە ناو باسکردنی بابەتەکەمان, کرێکارێکی پاککەرەوەی لەبەردەم کامیرەی تەلەفیزیۆنەکاندا فرمێسک بەچاویدا دێتەخوارێ و دەڵێت پارەی کڕینی ژەمێک گۆشتم نییە, دواتر لەکەناڵێکی تر کرێکارێکی تر دەڵێت بەهۆی پێ نەدانی هەقدەستی مانگانەوە، سێ مانگە پارەی کرێ خانووم نەداوە و خاوەن خانوویکە پێی گوتم پارەی کرێی خانووم پێبدە یان بڕۆ دەرەوە لەخانووەکەم، دواتر لەکەناڵێکی تر دەبیندرێت زڕدایکێک منالێکی سەربڕیووە دواتر باسی هەواڵی دواتر دەکات کە ژنێک کوژراوە، لەکەناڵێکی تر باسی مردنی دیسان خانەنیشن دەکات لەکاتی وەرگرتنی موچەکەی دا بەهۆی زۆری خەڵکو خراپی لەکارگێڕی دابەشکاری دا.

لەکاناڵێکی تر ژنێکی تەمەن ٩٤ ساڵی ئۆکراینی لە دراوسێکەی دەپرسێت: جەنگ کۆتایی هاتووە کاتێک پێی دەڵێن کۆتایی نەهاتووە، دەست بە گریان دەکات لەبەرئەوەی ئەو پێی وایە جەنگ کۆتایی هاتووە، چیتر خەڵک ئاوارە و ناکوژرێت.

ئەو ژنە دوای ماوەیەک لە دیارنەمانی لەو شوێنەی خۆی حەشاردابوو چووەتە دەرەوە و دراوسێکەشی ئەو خواردنەی پێدەدات کە پێی دراوە، هەرچەندە ژنە تەمەن ٩٤ساڵەکە خواردنەکە رەتدەکاتەوە، بەڵام دراوسێکەی سوورە لەسەر پێدانی خواردنەکە خواردنەکەی پێدەدات ئەم هەواڵە زۆریک لەتەلەفیزیۆن و ڕادیۆ وڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە. لەوڵاتی ئۆکرانیا لەدوایی دامەزراندنی دەوڵەت و سەربەخۆی بەدەستهێنانی خەڵکی ئۆکرانیا گوێ بیستی ئەم جۆرە هەواڵانە و چەندین هەواڵی ناخوش وناخ هەژێنی وەک بەکۆمەڵ کوشتن و وێرانکردنی باخچە و قوتابخانە و خانوو پرد و ڕێگاکان و شوێنە گشتییەکان لەجیاتی بەردەوامی دانی خوێندن، بەڵام مامۆستایان وقوتابیان ئاوارەدەبن و نەخوشی بەساڵاچوو و نەخۆشی نەخۆشخانەکان بەناچاری ئاوارەدەبن.

لەکوردستانیش گوێ بیستی هەواڵی زۆر ناخ هەژێنی وەک گیان لەدەستدانی خانەنشینان لەکاتی وەرگرتنی موچەی خانەنیشیان دەبین کە پاش لێبڕین و دواکەوتن ئەو مرۆڤە بەساڵاچاوانە لە کاتی وەرگرتنی موچەکانیان بەهۆی زۆری خەڵک و دواکەوتنی موچە و خراپی دەستەی گارگێڕی دابەشکاری موچەوە گیان لەدەست دەدەن، لەوەش پڕتراژیدی تر ئەوەیە دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر زۆر بێبکانە لەجیاتی چارەسەر بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا و باشتر موچەکانیان پێبدات، دەچێتە ئوتۆمبیلی فیریاکەوتن و ئیسعاف ڕەوانەی شوێنی دابەشکردنی موچەی خانەنشینی دەکات، لەمەش وێرانتر ئەوەیە خەڵک بەگشتی و ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بەتایبەتی تەنها وەک گوێ بیستی هەواڵێکی ڕۆژانە سەیری ئەم ڕووداوە مەرگە ساتە دەکەن، لەوەش کارەسات تر ئەوەیە شەقامەکان بێ دەنگن لەئاست ئەم هەواڵە پڕ مەرگەساتانە و خەم هێنەرەدا.

ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنها دەبنە گەرمە هەواڵی ڕاگەیاندنەکان بۆ ڕاکێشانی بینەری زیاتریان، نەک هاندانی خەڵک بۆ بەگژداچوونەوەی تاوان و هۆکاری خولقێنەری ئەم جۆرە تاوانانە. لەڕاگەیاندنەکانی کوردستانەوە ئەم هەواڵە و ڕووداوانە زۆر ئاسایی تێدەپەڕێت بەبێ جوڵەی شۆڕشگێڕی سەرشەقامەکان.

هەروەک درێژەدانی بەهەواڵەکانی ژن کوشتن و خۆکوشتن و سووتاندن و سەربڕینەکانی تر لەگەڵ هەبوونی بەناو حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵ و ئیسلامی و هەبوونی بەناو چەندین ڕێکخراو و حیزبی شیوعی و کۆمۆنیستی بەناوی جیاوازەوە ئەمە نیشانەی هەبوونی سەرگەردانی سیاسییە، چونکە سەرجەم جوڵەشۆڕگێڕە چینایەتی یە جەماوەرییەکان خامۆشن لەناو بەرژەوەندی زاڵبوونی خۆپەرستی و حیزبایەتی ئیرادەیان تێکشکاوە و زیاتریش بە بەرنامەی دەسەڵاتی چەوسێنەر ئیرادەی مرۆڤە هەژارو کرێکارەکان تێکدەشکێندرێت و هاندەدرێن کە لەسەر کەناڵە تەلەفیزیۆنەکان بگیرێن و بپاڕێنەوە دواتر بەناوی گرووپ و ڕێکخراوی خێرخوازییەوە خێریان پێبکەن لەکاتێکدا سەرجەم پارەی ڕێکخراو و گرووپە خێرخوازەکان پارەی دزراوی خەڵکە دواتر وەک خێرو سەدەقە بەخەڵک دەدرێت ئەمە دەرئەنجامی هەبوونی دەسەڵاتێکی کۆنەخوازی چەوسێنەرە کە جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی تێکشکاو و بێ هەرجوڵەیەکی شۆڕشگێڕی و بەدەر لەبەرژەوەندی چینایەتی چینی کرێکارو چەوساوەکان بەرهەم هاتووە، لەبەرئەوەی لەپاشخان و هێلکەدانی هەمان سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەرەوە دەیەوێت نەشونمایی بانگەشەی ئۆپۆزیسیۆن بوونی خۆیان بکەن.

ئەوەی لەکوردستان ڕوودەدات جیاکراوە نییە لە سیستەمی زاڵمانی سەرمایەداری جیهانی، کە چۆن خەڵکی ئۆکرانی و ڕووسیا باجی هەبوونی دەسەڵاتێکی چەوسێنەرو زاڵم دەدەن لەدوایی هەبوونی چەند هەڵبژاردنی پەرلەمانی تووشی ئاوارەیی وکۆمەڵکوژی و شەڕ بوون، وێڕای هەبوونی بێکاری و هەژاری و بێخانەلانەیی ئەوا لەکوردستان و عێراق و ئێران و تورکیاش گیرۆدەی قەیران و کێشەی هەبوونی بێکاری و هەژاری برسێتی بەشی دەردیتر بوونەتەوە.

هەموو ئەمانەش کە بەرهەمی سیستەمی سەرمایەدارییە کە بەناوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و دیموکراسییەوە خەڵکی گیرۆدەی ئەم شەڕوئاوارەیی و بێکاری و هەژاری وبرسێتی و ناخۆشییە کردووە لەپێناوی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی و زالبوونی دەسەڵاتی سیاسی دا. لەلایەک دەوڵەتی ڕووسیا فاشیزمانە هێرش دەکاتەسەر ئۆکرانیا بەرەدەوامە لەم قەسابخانە جەنگی یە، لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتانی بانگەشەکەری دیموکراسی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا بێ هەڵویستن لەئاست گەشەدان بەئاشتیدا بەردەوام بەشێکبوون لەگەشەدانی شەڕ لەپێناوی بەرژەوەندی سەرمایەداریی خۆیان.

بابەتی ئێمە قسەکردن لەجەنگ وهۆکاری جەنگ نییە، بەڵکو قسەکردنە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی یە کە بەهیچ جۆرێک ناتوانێت ببێتە ئەلگویەک و سەکۆیەک بۆ هێنانەدی مافەکانی چینی کرێکارو چەوساوەکانی کۆمەڵگە. کە هەرگیز ناتوانێت چارەسەری قەیران و کێشەکانی کۆمەڵگە بکات خەباتی پەرلەمانی، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە هەڵبژاردنە لەواقیعدا بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەوقەیرانەکانی خەڵکی بەگشتی و... خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش وهەژار نییە، بەڵکو زیاتر بە ئامانجی بۆیاخکردن و

بۆ لاپەڕە 14

# پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...



پرسی ڕۆژ/

ڕێڕەوی حوکمڕانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ٣٠ساڵی ڕابردوو تاقیکردنەوەیەکی شکستخواردووی نیشانداوە لەبەرامبەر بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە. ئەمانە هەمووی لە بۆنەی جیاجیا لەزاری بەرپرسانی حزبی و حکومی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامیەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

جگە لەناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی شارەکانی کوردستان، لەدەرەوەش دەسەڵاتداران ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی دەبنەوە کاتێک بەرپرسانی وەک سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی هەرێم سەردانی لەندەن دەکەن لەبەردەم میدیای جیهانی و حکومەتەکانیدا هاوڵاتیان بەخۆپیشاندان و ناڕەزایەتی پێشوازی لەسەرۆکەکانی کوردستان دەکەن. چالاکی ئەمجارەی ڕەوەندی کوردی لەلەندەن کە گەیشتە ئەوەی هێلکە بهاوێژن بۆ کەژاوەی مەسرور بارزانی و بەدەنگی بەرز ئاماژە بەنەبوونی ئازادی بیروڕا بکەن و داوای ئازادکردنی زیندانیانی بادینان و وێنەی سەردەشت کە سونبولی ئازادی بیروڕایە بەرزبکرێتەوە.

**بەڕێزتان وەک ئامادەبوو وە یەکێک لە ڕێکخەرانی ئەو چالاکیە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێننەوە و بەرنامەی داهاتووتان چییە؟**

**دانا مەنمی نوسەر و ڕۆژنامەنووس لەوەڵامی پرسی ڕۆژدا دەڵێت:**

دوای سێ دەیە لە هونەری بەڕێوەبردنی پارتی و یەکێتی، هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی دووچاری قەیرانێکی گەورەی سیاسی و ئابوری و یاسایی بۆتەوە، ژێرخان و سەرخانی کوردستان وێران بووە، بەتایبەت کابینەی نۆیەم هیچ مۆدێلێکی حوکمڕانیەتی تێدا نەماوەو نەفەسی پارتی و عەقڵی هەواڵگری مەسرور بەرزانی پەرلەمانی کوردستان و دەزگا یاساییەکانی کردووەتە دەزگایەکی بێ ڕۆح و لاوازو دەستەمۆکراوی حیزب، هیچ کابینەیەك هێندەی کابینەی نۆیەم وابەستەی حیزب نەبووەو هیچ خولێکی پەڕلەمانیش هێندەی خولی پێنجەم دەستەمۆی حیزب نەبووە. کابینەی نۆیەم هیچ کارنامەو پلانێکی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موچەی موچەخۆران و سیاسەتی برسیکردن و چەوساندنەوە دەگیرێتە بەر، سەرباری کێشەی بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان هێرش و پەلاماردان و گرتنی ڕۆژنامەنوسان و داخستنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تا دەگاتە سزادان و هەڕەشەی سێکسی لە گیراوەکانی بادینان .

لەتەمەنی کابینەی نۆیەمدا گەمەی هەواڵگری وهێرش و پەلاماردانەکانی تورکیا بە بیانوی پەکەکە زیادی کردووەو لەگەڵ هەر هێرش و پەلاماردانێکی فڕۆکەکانی تورکیا زیاتر لە ڕووی زەمینییەوە سوپای تورکیا پێشڕەوی دەکەن بۆناو خاکی هەرێم و بنکە سەربازی و هەواڵگرییەکانیان زیاتر دەبێت. سەرباری ئەم هەموو شکستە لەنەبوونی خزمەتگوزاری بۆ خەڵك و نەبوونی ئیرادەی چاکسازی نەبوونی شەفافیەت و ئازادی سیمای دوو ئیدارەیشی زیندوو کردووەتەوە.

لەچەند مانگی ڕابردوودا زۆرترین جوڵەو دەنگی نارەزایەتی لە وڵاتی بەریتانیا دژ بە پارتی و شێوازی حوکمرانیەتی پارتی هەبووەو هەر یەکێکیان لەو نارەزایەتییانە لەسیما و دروشم و داواکاریەکانیاندا جیاوازن، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەڵگری یەک پەیامی ئینسانی و خەمێکی گشتی بووە. کوردانی ئازادیخوازی وڵاتی بەریتانیا (ڕەوەندی کوردی) ڕۆژی ٢٠ـی٤ـی ٢٠٢٢ لەبەردەم بینای چاتام هاوس کۆبونەوەو ناڕەزایەتیان دەربڕی دژ بە سەردانەکەی مەسرور بەرزانی سەرۆکی حکومەتەکەی پارتی لە هەولێر، خۆپیشاندانەکە هەڵگری خەمەکانی خەڵکی کوردستان بوو، دوور بوو لە دەستێوەردانی حیزبی و دەستی دەرەکی، وە ئەم خۆپیشاندانە نابێتە دەستکەوت و ئینجاز بۆ هیچ هێزێکی سیاسی لە کوردستان. چەکی دەستی خۆپیشاندەران هێلکە بووە و بە هێلکە دژی مەسرور بەرزانی و کاروانی ئوتۆمبێلەکانی وەستانەوە، پەیامی خۆپیشاندەران گەیەنرایە بەرێز بۆریس جۆنسن سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، داوامان کرد کە ڕێگە نەدەن بە ڕێکەوتنێکی بازرگانی کە خەڵکی کوردستان تێیدا زەرەرمەندن و لە دەرەوەی یاساو دەستورو ئیجماعی گشتییە.

بەگشتی هۆکاری خۆپیشاندانەکە لەپێناو ئەو خەمانەدا بووە کە خەمی من وتۆوکۆمەڵگای کوردییە بەتایبەت خەمی ئازادی و کەرامەتی ئینسانەکانە کە بەرەو دۆخێکی مەترسیدارو نەخوازراو دەڕوات، خەمی گەورەی نەتەوەو نیشتیمان کە پارتی و بنەماڵەی مەلا مستەفا نەوت و غازو گومرک و ژێرخان و سەرخانی کوردستان و فرمێسک و خوێنی خەڵک دەدۆشن، بەرنامەی داهاتومان بەردەوامیدان و دەستگرتنە بەم ڕۆحیەتەوە کە سەروەتێکی نیشتیمانیە و گواستنەوەی ئەم ڕۆحیەتەیە بۆ وڵاتانی تری ئەوروپا .

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# دیمانەی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

ئۆکتۆبەر: رۆژی ١٨ی مانگ دەوڵەتی تورکیا هێرشێکی فراوانی بۆسەر هەرێمی کوردستان دەست پێکردوە. هەروەکو دەزانن بەردەوام تورکیا هێرشی چەکداری دەکاتە سەر کوردستانی عێراق و دەیان **بنکەی سەربازیشی لەناو هەرێمی کوردستاندا دامەزراندوە. بیانووی بەردەوامی تورکیاش بوونی هێزەکانی پەکەکەیە لە کوردستانی عێراق. ئێوە چۆن لەو پاساوەی تورکیا دەڕوانن و هۆکاری ئەم هێرشەی دەوڵەتی تورکیا چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**عبدالله محمود:** بەجیا لەپەکەکە کە هەمیشە بەوێنەی پاساوێک لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکیاوە بەدەستەوە گیراوە، لەدنیای واقعیشدا، پەکەکە خۆی پاساوێکە و بەئامانجگرتنی پەکەکەو لاوازکردنی یەکێک لە ئامانجەکانی هێرشی تورکیایە. بەڵام پەکەکە تەنها پاساو و ئامانجێکە لەناو چەندین ئامانجی گەورەتر و فراوانتردا.

دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ ئەزمەیەکی قوڵی ئابوری و دارایی چارهەڵنەگر بەرەو ڕووە. بەتایبەتی دارِمانی بەهای لیرەی تورکی کە بە دوا ئاستی خۆی گەیشتووە و ڕێگایەیک بۆ دەربازبوونی نابینرێت. تادێت تورکیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرەو تەریکبوونەوە دەچێت. "ئاک پارتی" وەکو حزبی دەسەلات بەدەست دەرگیرە لەگەڵ ئەزمەیەکی ناوخۆیی و توشی پارچەپارچەبوون بووەو چەندین ساڵە کێرڤی بەرەو داکشان دەچێت. ئەردۆغان، ڕووبەڕووە لەگەڵ نارەزایەتی ڕیزەکانی بۆرژوازی تورکی و تەنانەت نارِەزایەتی خودی کادرە بەرجەستەکانی حزبەکەی، تادەگاتە لێکترازان و بەرەو پەراوێزچوون. بەجیا لەوانە تورکیا دەرگیرە لەگەڵ چوونەسەری ئاستی بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش، هەروەها دەرگیرە لەگەڵ پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان.

هەموو ئەو دۆسیانە بەجێگایەک گەیشتووە کە دەوڵەتی تورکیا و ئاک پارتی ناچار کردووە بەدوای دەروازەیەکدا وێڵ بێت، تا قورسایی ئەو هەموو گرفت و ئەزمە قوڵە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسییەی لەسەریەتی کەم بکاتەوە، یان لانی کەم سەرنجی رای گشتی ناوخۆ و دنیای دەرەوە لەسەر کێشە کەڵەکەبووەکانی بگوازێتەوە بۆسەر پرسی ئاسایشی سنورەکان و بوونی پەکەکە.

هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان و بۆ سەر پەکەکە بە پاساوی بەرگری لە ئاسایش و سنورەکانی، تەنها گۆشەیەک و هۆکارێک لە ئامانجەکانیەتی، بەڵام ئامانجەکانی تری لەوانە، دەستێوەردان لە پرۆسەی سیاسی عێراق و ڕۆڵگێران لە پرۆسیسی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عیراقدا، بۆئەوەی ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیا لە بەرچاو بگرێت و پێگەی هیزە تورکیەکانی سەربەخۆی بەهێز بکات. گوشار دروستکردن لەسەر حکومەتی عێراق، تا گوشار لەسەر دەسەلاتی هەرێم زیاتر بکات تا زۆرتر مل دەسەلاتی ناوەند بدات و ئەو ریژە لە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و ئیداری، دەسەلاتی هەرێم، کەمتر و کەمتر تا رادەی نەهیشتنی بباتە پیشەوە. هەروەها دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت پاراستنی سنورەکانی هەرێم، بسپێردرێت بە دەسەڵاتی ئەمنی و سەربازی بەغدا و هیزەکانی عێراق بەرپرس بکات لە هیرشی پەکەکە بۆسەر خاکی تورکیا، و بەپرسیاریەتی هەڵگرتن لە گوشار هێنان بۆ پەکەکە تا سنورەکانی بەکار نەهێنێت لەدژی تورکیا...تاد... دیارە لەگەڵ ئەوانەدا کە تورکیا خوازیاری قوتبی بوونەوەی دەسەلاتی بەغدا و داسەپاندنی هەژمونیەتی بەسەر قەوارەی هەرێمدا، بەڵام هاوکات دەیەوێت تا ئەوکاتەی دەسەلاتی سیاسی هەرێم توانایی هەیە، وەکو گوێلەمستی خۆی بەکاربهێنێت، بۆ هاوکاری زیاتری تورکیا و دژایەتی کردنی پەکەکە و یەپەگە...

لەوانەش واوەتر دەوڵەتی تورکیا بەهێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان بە پاساوی بوونی مەترسی پەکەکە، دەمێکە خوازیاری ئەوەیە کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانی تورکیا، ببەستێتەوە بە پەکەکەو حاشا لەپرسی سیاسی خەڵکی کورد و ملدان بەرێگاچارەی کارسازی خەڵکی کوردستان لە تورکیادا بکات. جیا لەوانە دەوڵەتی تورکیا زۆر دەمێکە وەکو قوتبێکی ناوچەیی خۆی نیشان دەدات و دەیەوێت ئەو رۆڵەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ بەڕەسمی بناسرێت. دەستێوەردان و هێرشکردن و سنوربەزاندنی دەوڵەتی تورکیا، لە عێراق و کوردستانەوە بۆ سوریا و لیبیا و ئازەبایںجان و ئەرمەنستان و ...تاد، دروستکردنی هێزی کۆنەپەرستی کرێگرتە و موچەخۆر بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، هەموو لەو چوارچێوەیەدایە کە وەکو هێزێکی باڵادەست و ناوچەیی ببێتە یاریچی و قوتبێکی ناوچەیی دانپیانراو.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە چی وایکردوە تورکیا بتوانێ بەوجۆرە دەستێوەردانی سەربازی بکات لە کوردستانی عێراقدا؟ ئایا ئەمە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێوەدەوڵەتی و مافی سەروەریدا ناکۆک نیە؟ ئەگەر هەیە بۆچی نە عێراق و نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەوبارەوە هیچ کاردانەوەیەک نیشان نادەن؟**

**عبدالله محمود:** دەستێوەردانی تورکیا و هاوکات ئێران، لە دۆخی سیاسی هەرێم و ناوچەکەدا لە بنەرەتدا لەلایەکەوە بۆ بوونی بۆشایی سیاسی ئەمنی و دەستکورتی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەرێم و لەلایەکی تریش بۆ ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی ناوەندی و دەسەلاتی سیاسی هەرێم دەگەڕیتەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا.

رێکەوتنی حکومەتی عێراق و دەوڵەتی تورکیا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی دەسەڵاتی بەعس و بەدوای کەوتنی رژێمی بەعسدا نەک درێژەی پێدراوە، بەڵکو بەرینترکراوەتەوە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بەپێی ڕێکەوتنی لەگەڵ عێراقدا پێشوتر دەیتوانی بەقوڵایی دە کیلۆمەتر بێتەناو هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا لەسەردەمی حکومەتی مالیکییەوە ئەو ١٠ کیلۆمەترە کراوەتە ١٥ کیلۆمەتر، هەروەها دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەتایبەتیش دەسەلاتی زۆنی زەرد، بەتەواوەتی وابەستەی دەوڵەتی توکیایە و بۆتە نۆکەرپیشەی دەوڵەتی تورکیا، هەر ئەوەش وایکردووە دەوڵەتی توکیا چەندین سەربازگە، لە هەرێمدا جێگیربکات و دەزگا هەواڵگرییەکانی دەستئاوەڵا بن و هەرکاتێکیش ویستی لەشکرکیشی بکات و فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی بەچاوساغی پیاوانی دەسەلاتی کوردی لە قوڵایی کوردستاندا، کادر و هەڵسوڕاوانی پەکەکە بکەنە نیشانە و تیرۆریان بکەن.

دیارە هێرشی ئەمجارەی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان، جیاوازی لەگەڵ هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی رابردوو هەیە. جیاوازیەکەش ئەوەیە کە دنیا بەشێوەی گشتی و بەتایبەتی ئەمریکا و رۆژاوا سەرقاڵ و فۆکەسیان لەسەر جەنگی ئەمریکا و روسیا لە ئۆکرانیایە. ئەوە نەک بواری داوە دەوڵەتی تورکیا بەشێوەی بەرینتر هێرش بکات، بەڵکو دوور نییە ئۆکەی دەوڵەتی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژاواشی لەپشت بێت، بەتایبەتی کە لەئێستادا، ئەمریکاو رۆژاوا خوازیاری ئەوەن لە ئارایش و ململانیی تازەی دنیادا، تورکیا بەرەو کەمپی خۆیان رابکێشن، یان لانی کەم دوری بخەنەوە لەوەی پشتیوانی لە روسیا بکات.

بێگومان ئەو هێرش و ملهوریەی دەوڵەتی تورکیا، بەپێی بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتی پێشێلکارییەکی ئاشکرا و ژێر پێخستنی هەموو پێودانگە نیودەوڵەتیەکانە. بەڵام نابێ بیرمان بچێت، دەمێکە خودی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، کەوتوونەتە ژێر هەیمەنەی بەرژەوەندخوازی زلهێزەکانی دنیا و ئەوەی باکیان پێی نەبێت، پابەند بوونە بەو رێکەوتننامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتیانەوە. هەر ئەوەشە وایکردووە لەبەرامبەر بەو هەموو دەستدرێژی و ملهورییە سەربازیانەی لە گۆشەو کەنارەکانی دنیادا ڕوودەدەن بێدەنگ یان هاوکار بن. بێدەنگەی دەوڵەتی عێراقیش بەجیا لەوەی رێکەوتنی رەسمی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هەیە، کە ئەو رێکەوتنە رێگری لەهێرش و دەستێوردانی تورکیا ناکات لە سنورەکانیدا بە قوڵایی ١٥ کیلۆمەتر، هاوکات دەوڵەتی عێراق لە ئێستادا بەدوای قوتبیکردنەوەی دەسەڵاتەوەیە لەو ڕاستایەشدا لاوازتر بوونی دەسەلاتی هەرێم، یەکێک لە ئامانجەکانیەتی... بۆیە بێدەنگەی هەڵبژاردووەو ئەگەریش بێتە دەنگ، جگە لە ئیدانەیەکی شەرمنۆکانە، کە زۆتر بەیانی بێدەنگیەکەی دەکات زیاتر نابێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە خودی حکومەتی عێراق حکومەتێکی لاوازو بێسەروبەرەیەو توانای هیچ کاردانەوەیەکی کرداری نییە و خۆی لەلایەن ئێران و ئەمریکاوە دەستێوەردانی تێدا دەکرێت.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی کوردستان دەبێت چی بێت و چی بکەن تا پێش بەم ملهوڕی و دەستێوەردانە چەکداریانەی تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکە بگرێت و سنورێکی بۆ دابنێت؟**

**عبدالله محمود:** من لاموایە دەبێ هەڵوێستی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان لێک جیابکرێتەوە. حزبەکانی دەسەلات خۆیان هاوکار و چاوساغی لەشکرکیشی و ملهوری دەوڵەتەکانی تورکیا و ئیرانن و دەمێکە دەسەلاتی هەرکام لە زۆنەکان، دابەشی سەر لایەکیان بوون. پارتی و هاوپەیمانەکانی پاڵیان داوە بەدەوڵەتی تورکیاوە و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیشی پاڵیان داوە بەئیرانەوە و تەنانەت ئەو خۆبەستنەوەیە هۆکارێک بۆ مانەوەی دەسەلاتیانە بەسەر زۆنەکاندا. ئەگەر ئێران هێرش بکات ئەوا پارتی لە زۆنی زەردەوە ئیدانەیەکی شەرمنۆکانەی دەکات و ئەگەریش تورکیا هێرش بکات، یەکێتی بەهەمانشیوە، ئیدانەیەکی شەرمنۆکانەی دەکات. بۆیە نابێ چاوەروانییەک لەوە هەبێت کە پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانە حزبیەکانیان، هیچ کاردانەوەیەکی جدی لەخۆیان نیشان بدەن. ئەوەی کە پێویستە و دەبێت بەدژی ئەو هێرشانەو ئامانجی ئەو هێرشانەدا بێتەمەیدان، بلۆکی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و حزب و ڕیکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانن.

ئەو بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەرییەی کە چەندین ساڵە خواستی ڕامالینی دەسەلاتی هەیە، هۆکاری دەستێوردانی دەرەکی و دەیان مەینەت و موسیبەتی وەکو برسێتی و گرانی و بیکاری و ویرانکردنی خزمەتگوازرییەکان و دزی و تالانی ئاشکرا، بە پارتی و یەکێتی دەزانیت، هەر ئەوانیش دەتوانن بە هاتنەمەیدانیان و بە وەرێخسستنی خۆپیشاندانی جەماوەری فراوان و ملیۆنی دنیای بێدەنگی بۆرژوازی بێدار بکەنەوە، ببەنە گوشار بەسەر دەوڵەتەکانی ناوچەکەو تورکیاوە تا دەست لە ملهوری و لەشکرکێشی و دەستێوەردان لە دۆخی هەرێمدا، هەڵبگرن. هێرش و ملهوری وڵاتانی ناوچەکە، لەگەڵ مانەوەی دەسەلاتی بۆرژازی کورد ئاوێزانی یەکتری بوون و تێکۆشان بۆ دەستکۆتاکردن و کۆتایهێنان بە هێرش ملهوری وڵاتەکانی ناوچەکە بە پلەیەکی زۆر گرێی خواردووە بە ڕاماڵینی دەسەلاتی بۆژوازی کوردەوە.

کاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکانە، کە رۆڵی رابەری و هێنانەمەیدانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ملیۆنی بەدژی ملهوری و هێرشی سەربازی ولاتانی ناوچەکەو لەوانە تورکیا، لە ئەستۆ بگرن. لە ئاستی ناوخۆدا و لە ئاستی دنیای دەرەوەشدا، بە وەرێخستنی ئاکسیۆنی نارەزایەتی لە بەردەم و قونسولیەکانی دەوڵەتی توکیا، و یوئین و ریکخراوە نێو دەوڵەتییەکان گوشار دروست بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە دەستێوەردان و هێرشی بەردەوام و نەپساوەی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردسان. لەوانەش واوەتر بۆ کۆتاییهینان بەو لێکەوتانەی لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا، لە کوشتار ئاوارەیی و سوتماککردنی شوێنی کارو ژیانی خەڵک، ڕوودەدەن.

# ئافرەت و هێزی کار...

نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

لەجیهانی ئەمرۆدا سێکتەرە جیاوازەکان توانیویانە هەریەکەیان بەپێی زەرووییەتی کۆمەڵگە و جیهان رۆڵی سەرەکی ببینن. یەکێک لەو سێکتەرانە کەراستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاک هەیە و لەئاستی جیهانیشدا بۆتە فاکتەری دەست بەسەرداگرتنی جیهان، سێکتەری ئابوورییە.

لەکۆمەڵگەدا، هەردوو رەگەز هەوڵی بەدەستهێنانی سەرچاوەیەکی ئابووری باش ئەدەن یاخود دەبنە سەرچاوەی ئابوری بۆ کۆمەڵگەش، پرسی جەوهەری لەم نێوەندەدا ئەوەیە ژنان و ئافرەتان تا چەند توانیویانە ببنە سەرمایەدارێکی بەتوانا یاخود هەرنەبێت ببنە خاوەن سەرچاوەیەکی ئابوری سەربەخۆ.

روانینی کۆمەڵگە بۆ ئاستی بەرهەم هێنان و توانا جەستەییەکانی ژنان گۆڕانی بەسەردا هاتوە، ئێستا ئافرەت خۆی خاوەن کارە و بۆتە سەرچاوەی بژێوی بۆ کەسانی دیکەش بەهەردوو رەگەزەوە، لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیاکان هەوڵ ئەدەن هێزی ئافرەتان بخەنە گەر لەبەر پابەندبونیان بەکات و بەردەوامبونیان لەکارەکەیان، هەرچەندە ئەم خاڵە مشتومڕی زیاتر هەڵدەگرێت بەتایبەت لەرووی کرێی کارکردنەوە کە بەراورد بە رەگەزی نێر جیاوازترە، بەڵام لەهەموو ئەگەرەکاندا بەهرەو سەلیقەی ئافرەتان هۆکاری بەرجەستەکردنی ژینگەیەکی ئابوری باشترە بۆ کۆمپانیاکان و پاراستنی سەرمایەکانیان.

دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین کە فاکتەری پاراستن و بەردەوامی هیزی ئابووری ئافرەتانە:

١. پێداگیری و بەردەوامبوون لەسەرکەوتن، دەبێتە چەقی بەرەوپێشکەوتن و پاشکەوتکردنی باشتر.

٢. یەکسانی موچە و کرێی کار هاندەرێکی ئەرێنیە بۆ هەردوولا، هەم بۆ دەستی کاری ئافرەتان و لەلایەکی دیکەش بۆ خاوەن کار و کۆمپانیاکان.

٣.هەوڵدان بۆ بوون بەلیدەر لەنێوەندی کارەکەدا، بەپێی توێژینەوەیەک لە ٣% ژنان لەهەوڵی بون بەلیدەر دەدەن لەکاردا، ئەم بێ ئامانج و خواستی نەبونی بە لیدەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان هەمیشە لەکارکردندا لەخوار پیاوانەوە بن و جێبەجێکەری فەرمانەکانیان بن.

٤ .بەرجەستەکردنی کلتوری داهێنان و برەودان بەتوانا مرۆیی و جەستەییەکان.

٥.تێکشکان و خولّقاندنی کلتوری گرنگیدان بە توانای ئافرەتان لەبواری ئابوریدا، ئەم خاڵە لەزۆر کۆمەڵگەدا بەرچاو دەکەوێت کە هێزی کاری ژنان بەهەند وەرناگیرێت، لەبەرامبەر ئەم بیرکردنەوەیەدا دەبێت ژنان زیاتر گرنگی بەتوانا مرۆیی و جەستەییەکانی خۆیان بدەن، بۆئەوەی کۆمەڵگە سود لەهێزی کاریان وەربگرێت.

٦.زاڵبون بەسەر کۆسپ و ریگرییەکاندا، تەنانەت ئەگەر لەسەخترین کاردا بوو دەبێت بۆ سەرکەوتن و بەردەوام بون لەکارەکەی هەوڵی فێربون و گەشەپێدانی خۆی بدات بۆئەوەی قۆناغە سەختەکان تێپەرێنێت نو لانی کەم ببێتە خاوەن ئابووری سەربەخۆ.



## پرسی ژن ؟

تونودوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# سەرخەتی مافەکانی ژنان لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا

1. ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێقەیدوشەرتی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردیەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم پرنسیپەدا ناکۆکن.

2. دابینکردنی دەستبەجێی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لەئاستە جیاجیاکاندا. مافی بێقەیدوشەرتی ژنان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا و بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلەوپایەیەك، سیاسی بێت یان ئیداری یان دادوەری ...تاد. هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسا و ڕێسایەك کە مافی ژنان لەبەشداریکردنی یەکسان لە ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا بەرتەسك دەکاتەوە.

3. یەکسانیی تەواوی مافەکان و جێوشوێنی یاسایی ژن و پیاو لەخێزاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو وەکو"سەرپەرشتیاری خێزان" و دانانی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەپەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منالّ، کۆنترۆڵکردن و بەڕیوەبردنی ماڵ و موڵك و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، کاری ناوماڵ و پیشەیی، تەڵاق، سەرپەرشتیکردنی منالّانی ساوا لەحالّەتی جیابوونەوەدا و بەشکردن و خاوەندارێتیکردنی ماڵوموڵکی خێزان. قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە شەرع و دابونەریتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوە و دەبنە مایەی یەخسیربوونی، قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ مەیلی ژن، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. لە حالّەتی شکاتکردنی ژنەکەدا دەبێ ئەم کەیسانە وەکو دەستدرێژیی جنسیی لەلایەن مێردەکەیەوە پەیگیری بکرێ و دادگایی بکرێ. قەدەغەکردنی سەپاندنی کاری ناوماڵ یاخود ئەرکی تایبەتیی ماڵداریی بەسەر ژنان لە خێزاندا. دانانی سزای قورس بۆ هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەك لەدژی ژنان و کچان لە خێزاندا.

4. یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. باڵکێشانی یەکسانی یاساکانی کار و بیمە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر ژنان و پیاواندا، بەبێ هیچ جۆرە جیاکاریەك. کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری هاوشێوەدا. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە تەنگەبەریەك بۆ چوونی ژنان بۆ سەر کار و پیشە جیاجیاکان. یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان لە هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە کرێ، بیمەکان، ئیجازەکان ، سەعات و شیفتی کار، کاردابەشکردن و پۆلێنکردنی کارەکان، پلەبەرزبوونەوە لە کاردا، نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران لە ئاستە جیاجیاکاندا. پەسەندکردن و بەڕێوەبردنی یاساورێسا و ستانداردی تایبەتی لە دامەزراوەکاندا بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی ژنان لەسەر کارو پیشەکانیان، وەکو قەدەغەکردنی دەرکردنی ژنانی دووگیان، قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان و دابینکردنی پێداویستیە تایبەتیەکانی ژنان لەشوێنی کاردا. ١٦ هەفتە مۆڵەت بۆ کاتی دووگیانی و منالّبوون و یەك سالّ مۆڵەت بۆ چاودێریکردنی کۆرپە، کە دەبێ بەپێی رێککەوتنی هەردوولا لەلایەن ژن و مێردەوە کەڵکی لێوەربگیرێ. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێپرسینەوە و کۆنترۆڵکردن کە ئەرکیان چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانەیە لەلایەن دامەزراوەکانەوە.

پێکهێنانی دامەزراوەی تایبەت بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی مافەکانی ژن و پیاو لە کارە پیشەییەکان و شوێنەکانی کاردا بەشێوەی یەکسان، چ دەوڵەتی بێت یان غەیرە دەوڵەتی، قازانج نەویست بێت یان قازانجهێنەر. لێپێچینەوەی یاسایی و سزادانی گەورەی ئەو دامەزراوە و بەڕێوەبەرانەی کە بنەمای یەکسانیی ڕەهای ژن و پیاو لە چالاکی پیشەییدا پێشێل دەکەن.

پێکهێنانی دامەزراوە و دامودەزگا و فەراهەمکردنی ئاسانکاریی خۆڕایی وەك دایەنگە و باخچەی ساوایان و مەڵبەندەکانی یاری و پەروەردەکردنی ساوایان لە گەڕەکەکاندا کە بە لەبەرچاوگرتنی گوشاری یەکلایەنەی کاری ناوماڵ و چاودێریکردنی منالّان لەسەر ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا، هەنگاونانی ژنان بۆناو چالاکی ئابووری و سیاسی و کەلتووری لە دەرەوەی خێزان ئاسان دەکەن.

1. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساوڕێسا دەستوپێگیر و دواکەوتووە ئەخلاقی، کەلتووری و ناموسیانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسیەتی ئەوان وەکو هاوڵاتیەکی خاوەن مافی یەکسان لە کۆمەڵگادا نایەنەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە کۆسپ دانانێك لەڕێگای مافی سەفەرکردن و جێگۆڕکێی ژناندا، شووی کردبێ یان نەیکردبێ، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات، بە حەز و ئارەزووی خۆی. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساوڕێسایانەی کە ئازادی ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشاکیاندا، هەڵبژاردنی کار و هاوەڵانیاندا، بەرتەسك دەکەنەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکردنەوەیەکی ژنان و پیاوان لە دامەزراوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و گوزەر و هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیدا. فێرکردن و بارهێنانی تێکەڵاو لە هەموو ئاستەکاندا. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەو نازناوانەی کە ژن بەپێی جێوشوێنی لەبەرانبەر پیاودا پێناسە دەکات، لە نامە و نووسراو و قسەوباسە ڕەسمیەکاندا لەلایەن کاربەدەستان و دامودەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتیەکانەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە خۆتێهەڵقورتاندنێك لەلایەن هەر ناوەندێکەوە بێت، چ کەسوکار بێت یان دامودەزگاو ناوەندە ڕەسمیەکان لە ژیانی تایبەتی و پەیوەندیە شەخسی. و سۆزداری و جنسیەکانی ژناندا. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مامەڵەیەکی سوکایەتی ئامێز، پیاوسالارانە، باوکسالارانە و نایەکسان لەگەڵ ژناندا لە دامودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا. قەدەغەکردنی ئاماژە کردن بۆ ڕەگەزی ئینسانەکان لە ئاگاداریەکانی کاردا. لابردنی هەموو ئاماژە جیاکاری و سوکایەتی ئامێزەکان بەرامبەر بە ژنان لە کتێب و سەرچاوەکانی خوێندندا و لەبری ئەمە دانانی بابەتی خوێندنی پێویست بۆ نیشاندانی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕەخنەگرتن لە شێوە جیاجیاکانی ستەمکێشی. ژن لە کۆمەڵگادا. پێکهێنانی دامودەزگای پشکنین و دیاریکردنی تاوان و یەکەکانی پۆلیسی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حالّەتەکانی ئازاردان و جیاکاری بەرامبەر بە ژنان.

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم

## گۆشەی ئەدەب و هونەر



# خەریکە ڕەنگی دایکم دەگرم

ئەگەر دەمتوانی
لەوبەرو لەخوار خۆمەوە
وێنەیەکی ڕەش و سپیم لەگەڵ
بادا دەگرت
بەدەستەکانی خۆم
هەموو جەستەی خۆمم بزمار ڕێژ
دەکرد
بەهەر پەلە قاژەیەك بوایە
خوایەکم لەقور بۆخۆم
دروستدەکردو
وەك ئاو دەمنوسان بەخۆمەوە
وەك برسێتی سەرم بەکۆشیا
شۆڕدەکردەوە
ئەگەر دەمتوانی لەوبەر خۆمەوە
خۆم فێری سەمایەکی شێتانە
دەکرد
بەرووتو قوتی بەناو هەورەکاندا
ڕامدەکرد
بەردم دەگرتە پەنجەرەی
ئەوماڵانەی
کەشەرەف بەنرخی تۆڵەکە
دەفرۆشن
نامەوێت ئیتر لەمەولا وەك جاران
خۆمم خۆشناوێت و بەلای
سێبەرەکەی
خۆمەوە ناگریم
ناچمە بەر ئەو ئاوێنانەی کەدەموو
چاوم
بەهەڵەو گێڕاوی و بەسەر
جەستەمدا شۆڕدەکەنەوە
دایکم لەژێر چاوەوە بەدزی
خۆیەوە
سەیرم دەکات و ئەیەوێت بڵێت
کوڕم
جیکە جیکی دەرگاکەی دەرەوە
هەراسانی کردوم و
سەرم پڕپڕبووە لەگۆرانی ناسازو
لەقسەی هەڵیتو پەڵیت
دەرگاکە بکەرەوە وابزانم ئەوە
باوکتە
بەسەرردان لەمردن گەڕاوەتەوە
ئەیەوێت بتباتە بەرئاوێنەکەی پێت
بڵێت
تەماشایەکی خۆت بکە
بزانە کامان ڕەنگی مردومان
لێنیشتووە

ئەگەر دەمتوانی
باوکم لێرە دادەناو خۆشم
بەپێخاوسی
بەکۆڵانەکانی مردنا ڕامدەکرد
هەتاهێزم تیابوایە هاوارم دەکردو
دەمگوت من بەدوای مریەمێکدا
دەگرێم
فێری فرینم کات
فێری گریانم کات
فێری مردنم کات
...............

**حەکیم میرزا**

**١٢/٤/٢٠٢٢**

# کورتە چیرۆك

## نووسینی: ئارام حەسەن

دووەمین بێوەژنی ئەو ڕۆژە لەجێی خۆی هەستا، چاوی ڕاستی بە داخکردن کوێر کرابوو، ئەوەندە بە خێرایی هەنگاوینا سەرپۆشەکەی کەوتە خوارەوە، گەیشتە سەر "سەکۆی سێ بەسێ" بەدەم تەماشاکردنی مەزرای بێوەژنە کوردەکانەوە، چاوی چەپی بڕیە گشت بێوەژنەیلی مەزرا، تووڕەیی لە ئاماژەی دەستەکانی دەباری، پەلەپەل بە



شنەشنی پەرچەمی ڕەشیەوە دیاربوو، گەرووی پڕبوو لە (بەڵێ) و (نەخێر)ی خنکاو، دەستیکرد بە قسەکردن:

_ "سەیی گوندان نەما پێم نەحەپێ، ناوم هەمینە، عومرم بیستوچار سارە، مەحت و سەنای پیاوان لەکنە خۆمە، چزەی حەیاچوون ناچی بە دریاندا، لەمەوە دێنەدەر و دەبی لۆ خۆشمان پێیان بگەینین لۆ گیانی خۆمان، تا لە هێڕێ و داماوی و دەرپێی مەدا خۆیان بەتار بکەنەوە، ئەوێ ڕۆژێ عومرم نۆزدە ساران بوو، ئاگام لە هیچ سەینوبەینەکی نەبوو، تا ئەو شەوەی بە بووکی بردیانم لۆ پیاوەك..

هەر ئەووەر شەوی لۆم بەدیارکەت مێردم عەقری ناتەواوە، بەرام بە باشی کردمیە ژن، خەزورم زگ گەورەکی چاوتەنگ بوو، ئەوەندە بە شانوپیل خۆی بەدەردەخست لێی دەترسام، لە دواێ مانگەك پێیگۆتم کوڕەکەی شێتە و لە ژنهینان و مێردکردن ناحاڵیە، گۆتی پیاوی دیکە دەینم لۆ سەر جێی نوستنت، گەلەك تووڕە بووم، گۆتم قسەکانت لۆ بابم و برایەکانم بگێڕمەوە پارچە پارچەت دەکەن، ئەوجا نەوێرام بمێنێمەوە، قسەکانیم بە بابم گۆت، بەرام بەهیچ جۆرەکی باوەڕی نەکرد، گۆتی ئەو پیاوە دایمە لە مزگەفت کەتیە، لە سڕەی پێشەوەش نەبی نوێژان ناکا، کوو دەتانی قسەی لۆ هەربەستی هەی بێعاری بێحەیا، ئەوجا لە ترسی باب و برایەکانم گەڕایمەوە مارە مێرد، گەلەك لە خەزورم پاڕایمەوە، گەلەك خودام کرد بە گژیا، گۆتم پێراوتان دەخەمە سەر سەر، عازرم هەتاکو مردن خزمەتکاری پێراوتان بم ئیستیفادەی نەبوو، لۆیێ لە ترسی تەراقدان لەگەڵ خەزورم ڕێکەتم، تا ئەو ڕۆژەی نەخۆشکەتم و خین لە ناوگەڕم چۆڕا مەعیشەتیان لە سەر وانێکی من بوو، لە باتی مێرد خەزور تەراقیدام، برایەکانیشم چاوی ڕاستیان کۆرە کردم، دونێ لە مارە باب هەراتم و گەیشتمە کن ئەنگۆ"



بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# بۆ سەردەشت عوسمان !



ئاسۆی حەمەلاو/ سوید

سالی جارێك، چەند
سەرنجێك لە یەکە یەکەی
وشەکانت ئەدەم و
سەردانێکی تێرمانینیان
ئەکەم !
هەوڵ ئەدەم بەزوبانێکی
وورتەوە لەگەڵیان بئاخفم!
هەموو ساڵێ هیشار
ئەبم، ئاخۆ بتوانم
دەسترەنگینێك نەخشێنراو
بم و بتوانم کلێشەیێکی
بێهاوتا و ئەوین لە رەنگی
وشەکانت دروست کەم !
من زۆر لە کچانی ئەم
وڵاتە بێنازە ئەناسم، هیچ
کامێکیان خەناوکەیێکی
نیانیان لەملدانیە، ئەڵێ
دەسترنگینیەکەم ئاخۆ
چەند بەهێز بێت، گەر
بتوانم وشەکانت
بهۆنمەوە و بیانکەمە
خەناوکەی ملی ئەوان !
من زۆ لە لاوکانی ئەم
وڵاتە بێنازەی خۆم
ئەناسم، ئاواتی
مەدالیاێکی نەخشینن !
ئاخۆ بتوانم وشەکانت
پەندەکانت ووتەکانت،
بکەم بە مودالیای دەستی
لاوان و جوانی خۆیان
بپێکن !
وشەکانت ئەوەندە جوانن،
نازانم چۆن سەرشێواو
ئەبم، باز بدەم بۆ خەناوکە
یان بۆ مەدالیای نازدارم!

## شیعر: خالید بایەزیدی (دلێر)



لە هیچ وڵاتێک
کرێکار
ناحەسێتەوە
تاکوو!
سەرمایەدار
دەسەڵاتدار بێ
-٢
چ قێزەونە
لە کۆمە ڵگەیەکدا
بژی...
ژیان بفرۆشی
بۆ پارووە نانێک
بەڵام هەندێک
بە هەڕاج دەکرن
ئاواتە نەپشکوەکانمان
بۆ ژیانیان
-٣
پیاوێک
ژنێکی کوشت
لەو ڕۆژەوە
شەقام و
کوڵانەکانی شار
بۆنی عەتری ژنانەی لێدێت
-٤
تابوتی مردوکان
گوڵ ڕێژ دەکەین
دڕک دەکەوێتە
چاوەکانم
-٥
دوێنی!
ئاوینەم هیچ نەناسییەوە
لە دوریت...
تەواوی قژەکانی
سپی کرد بوو

# کورتە چیرۆک



## نووسینی: ئارام حەسەن

ـ "خێره وا دیسان دەموچاوت یاوه بەیەکا"

ـ "لێمگەڕێ لێ"

ـ "ئێ چی بوه ئاخر؟"

ـ "کوڕە بەدەس بەعزێ بانگخوازو مانگخوازو مەلاو شتیواوە، وا ئەو دڵەمەتەقێ"

ـ "چییوه؟"

ـ "وەڵا وەبیلا قسەی وائەکەن، کەر بە کەریی خۆی بەلایەوە عەییە بیکا"

ـ "چیت بیستوە وا ڕەشداگیرساوی"

ـ بە گوێی خۆم گوێم لێبوو یەکێکیان باسی (خەیاڵ)ی ئەکرد، ئەیفلتان موسوڵمان نابێ خەیاڵ بکات، خەیاڵکردن حەرامە، ئەگەر بە خەیاڵیش ماچی کچێ یان ژنێ بکەن، ئەوە بە (زینا) بۆتان ئەنووسرێ"!


ـ "نە بابە.. یەعنی شتیوایش لە حەدیس و مەدیسا هەیە؟"

ـ "چووزانم هەیە یان نیە، بەس تخوا ئاخر ئەوە قسەیە، داخی هیچیش نامکوژێ یەك دنیا گەمژەو مەمژە گوێیان لێگرتبوو"

ـ "جاخۆ بە قەبری ڕەسولەڵڵا ئەگەر وابێ، بەشەر نیە لەم سەر عەرزە چاوی بەهەشت کەوێ، ساوەڵڵاسا من ڕۆژ نیە لە خەیاڵما دەم نەخەمە ناو دەمی کۆنەیاری دراوسێمان، بە کەلامی خوا بەو حیسابەبێ، لەوانەیە تا ئێستا پەنجاهەزار زینام کردبێ، یەعنی نوێژ و تاعەتی ئەو هەموو ساڵەم فت، دووریش نیە لەودنیا 700هەزار ساڵ نەمکوڵێنن"

ـ " مەترسە، مەترسە، درۆیە، قسەی بێگونی ئەم جۆرە بانگخوازو شتانە وەك ترێی بن گۆم وایە"

# نیشتیمان دایکە




نیشتمان دایکە
دایکم وتی کوڕم نیشتمانت خۆش بوێ
نیشتیمان دایکە
وتم نەخێر دایە گیان من نیشتیمانم خۆش ناوێ
وتی بۆکوڕم ؟ چۆن وائەڵێی؟
وتم دایکە گیان کێ دیوویە
دایکێک جگەر گۆشەکەی لە
کۆڵە پشتی خۆی بخاتەخوارەوەو
بیخاتە ژێر پێ یەکانی و بیخنکێنێ.!؟

دایکم وتی نەمبیستوەو نەمدیوە
وتم کەوایە نیشتیمان گەر دایک
بوایەئەوا باوکە
کرێکارەکەی منی
لە کاتی کاردا نەدەخستە خوارەوەو
لەسەر سنگی خاکی سینەی خۆیدا
دەست وقاچ شکاوی نەدەکردو
بەخوێنی لاشەی تینوێتی خاکی
پێ نەدەشکاند و منی هەتیوو نەدەخست...
نیشتیمان تەنها دایکی ئەوانەیە
کە لەسایەی دەستە زبرو
ماندووەکانی چینی کرێکاردا
لە تەلارە بەرزەکاندا ئەژین و
لە جێگەی نەرم و گەرم ئەخەون و
نەسەرما لاچاوی تەزاندون و
نە گەرماش عەرەقی پێ ڕشتوون و
نە ماندوو بوون و نەهیلاکی
چۆکی پێ دانەداون و
پشتیان لە ئازاری هەڵگرتنی باری قورس و
خشت و بلۆک نەچەماوەتەوە و
مناڵ گرکی پاروێ یان عانەیەکی لێ نەگرتوون و
وەک باوکە کرێکارەکەی من
لە نەبوونی و هەژاریدا بۆ کار
شەقام و کۆڵانەکانی نەپێوابێ و
هەموو تەمەنی بە ماندوو بوون و
شەرمەزاری لای خێزانەکەی
نەژیابێ و خۆری هاوین دەم و
چاوی هەڵنەقرچاندبێ .!؟
ئیتر کوا نیشتیمان دایکە؟
نیشتیمان دیوارێک و تیخ و
داسێکە بۆ ملی کرێکار
زیندانێکە...
بەرزو پیرۆز بێت یەکی ئایار ...

**مهاباد جاف...تۆرۆنتۆ ..**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# کاریگەری ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا و هەناردەی گازی هەرێم بۆ ئەوروپا، لەسەر هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟



**نووسینی: ئەحمەد هەورامی**

شەوی (17)ی ئەم مانگە سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بۆ سەر پێگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناوچەکانی چیای کورەژارۆ و زاب و مەتینا و ئاماشین لە ئامێدی دەستی پێکرد، ئەوەش دوای دوو ڕۆژ بوو لە سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆردوغان و سەرۆکی دەزگای میتی ئەو وڵاتە. خەونی تورکیا خەونێکی گەورەیە، تورکیا دەیەوێت هەموو باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکات و ئیمپراتۆریەتی گەورە دروست بکات و نەخشەی وڵاتەکەی فراوان بکات.

کەجەکە لە ڕاگەیێنراوێکدا ((ئاماژەی بەوە کردووە پەدەکە دەڵێت پشتگیری لە هێرشی داگیرکەری دەوڵەتی تورک ناکات، ئەوەتا بەهەموو شێوەیەک لەڕووی هەواڵگری و لۆجستی پشتگیری لە سوپای تورکیا دەکات بۆ گەمارۆدانی ناوچەکانی گەریلا.

سوپای تورکیا نەیتوانی لە کورەژارۆ لە ئاسمانەوە هێزەکانی جێگیر بکات.

بەهاوکاری پەدەکە هێزەکانی خۆی گەیاندە شیلادزێ و لەڕووی زەمینیەوە خۆی گەیاندە ناوچەکە، ئەمەش نیشان دەدات تا چ ئاستێک پەدەکە هاوکاری دەوڵەتی تورکیا دەدات)).

بەگوێرەی زانیاریەکانی خەڵکی ناوچەکە سوپای تورکیا داوای کردووە کە دەبێت ((هێزەکانی زێرەڤانی و هێزەکانی ڕۆژ و لیوای تایبەت)) شان بەشانی هێزەکانی تورکیا لەو زنجیرە چیایانە دابنرێن، هاوکات داوایان لە خەڵکی ناوچەکە کردووە لەناوچە سەربازییەکان نزیک نەبنەوە. لەهەمان کاتدا داوایان لە بەغداد کردووە کە هێز بەکار بهێنێت دژی پەکەکە لە شەنگال. بەگوێرەی ئەو دەستپێکە دەبێت چاوەڕوان بین لەچەند ڕۆژی ئایندەدا هێرشی زەمینی تورکیا بەشێوەیەکی فراوان و بەرنامە بۆداڕێژراو بۆسەر باشووری کوردستان دەست پێبکات. هاوپەیمانیەتی نێوان پارتی و تورکیا تەنیا لەوەدا گۆشەگیر نابێت کە ڕێکەوتنێکی سیاسی بێت، بەڵکو ئەم هاوپەیمانییەتە هەڵبژاردەی ڕێگاکەیە. زۆر مەترسیدارە بۆسەر بوون و ئایندەی میللەتی کورد، ئەم هاوپەیمانیەتە نزیکە لەوەی کوردستان و پرسی ڕزگاری نەتەوەیی بەرەو چارەنووسێکی زۆر مەترسیدار بەرێت، دوور نییە ئەم وڵاتەش بە دەردی ئۆکرانیا نەبرێت.

وەزیری بەرگری تورکیا ڕایگەیاند ئۆپراسیۆنی سەربازی ((چەنگی قوفل))ی سوپای تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت.

تورکیا لە ئۆپراسیۆن و لەشکرکێشیە داگیرکاریەکەی وای دەبینێت کە باشووری کوردستان بەشێکە لە خاکی تورکیا و دوژمنایەتی تورکیا بەرانبەر کورد ئاشکرایە لە باشوور و باکور و ڕۆژئاوادا.

ڕۆژنامەی ((ئیکسپریت ڕۆ))ی ڕوسی ڕاپۆرتێکی "لەژێر ناونیشانی پێشێلکاری سەروەری خاکی عێراق لەلایەن تورکیا و بێدەنگی ڕۆژئاوا لەبەرانبەریدا بڵاوکردەوە، دەڵێت وەک ئەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا ئاماژەیان پێکردووە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانیەکان ئەنجام دەدرێت، مەبەستیش لەوە وەک دەردەکەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە لەهەمان کاتدا وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین ڕایبگەیەنن کە ئەنقەرە پێشێلکاری بەرانبەر بە سەروەری وڵاتێکی تر و بەرانبەر یاسای نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە، دەشڵێت تورکیا هێزی ڕەوانەی ناو عێراق دەکات وەک ئەوەی نیشتمانی خۆی بێت، سەروەریەکەش پێشێل دەکات، لەبەرانبەریشدا ڕۆژئاواییەکان هیچ جۆرە سزایەکی بەسەردا ناسەپێنن بەڕوونی دیارە تەنیا لەبەرئەوەیە کە تورکیا ئەندامی ناتۆیە. لەکاتێکدا ئەو وڵاتانە لەبەرانبەر دەستێوەردانی سەربازی ڕوسیا لە ئۆکرانیادا هەڵوێستی زۆر توندیان پیشانداوە".

ئۆردوغان لەکۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیادا سوپاسی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی کرد بەرانبەر ئەو هاوکاریەی کردوویانە لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی تیرۆردا و ڕایگەیاند ئۆپەراسیۆنەکە بەهاوکاری حکومەتی عێراق و هەرێم ئەنجامدراوە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق وەڵامی لێدوانەکانی ئۆردوغانی دایەوە و ڕەتیکردەوە کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا لەخاکی هەرێمی کوردستاندا بەهەماهەنگی و ئاگاداری حکومەتی ناوەند کرابێت، لەهەمان کاتدا ڕایگەیاند ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا پێشێلکردنی زەقی سەروەری خاکی عێراقە و هەڕەشەیە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و زیانیش بە هاوڵاتی سڤیل دەگەیەنێت.

بەڵام وتەبێژی حکومەتی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕەتی نەکردەوە هاوکاری تورکیا کرابێت بۆ ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر خاکی هەرێم و تائێستاش حکومەتی هەرێم بەڕەسمی ئیدانەی هێرشەکانی سوپای تورکیای نەکردووە بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئەم ئۆپەراسیۆنەی سوپای تورکیا جگە لەوەی پێشێلکردنی ڕوونی سەروەری خاکی کوردستان و عێراقە و بێ بەها کردنی یاسای نێودەوڵەتییە، گومان دەکرێت ئەم ئۆپەراسیۆنە لێکەوتە و ئەجێندای تری لەپشتەوە بێت.

دەوڵەتی تورکیا سەد ساڵە نایەوێت بە عەقڵانی سیاسەت بکات و لەو ڕاستییە مێژووییە تێبگات چیتر پەلامار و هێرشی سەربازی و زمانی چەک و قین و تووڕەیی بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان نایەتەدی.

جێگەی داخە تورکیا توانیوویەتی "یەکڕیزی کورد" تێک بدات و هیچ متمانەیەک لەنێوان هێزە کوردییەکان نەهێڵێت.

دەبێت خەڵکی کوردستان بەگشتی و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەست بە مەترسیەکانی پشتی هەنگاوەکانی سوپای داگیرکەری تورکیا بکەن و هەڵوێستی نیشتمانیان هەبێت بەرانبەر نیازەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم ئەزمە سیاسی و ئابووری و ئیدارییە قووڵە هەموو هەوڵی خۆی خستووەتەگەڕ تا کاریگەری لێکەوتەکانی ئەم هەلومەرجە تازە و ئەزمەکانی بەسەر جەماوەری بێبەشی کوردستان بشکێتەوە.

لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا گازی سروشتی بووتە بابەتێکی گەرم و جێی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسەکان و حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵ. ئەم بابەتە تەنها لەچوارچێوەی عێراقدا نەماوەتەوە، بەڵکو هەردوو جەمسەرە هەرێمییە خاوەن بەرژەوەندییەکانی هێناوەتە قسە و ململانێ کە ئێران و تورکیای دراوسێی عێراقن. هەردوو وڵات بە ئاراستەی جەمسەربەندی جیهانیە لە ململانێیەکی توندن بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕزگاری هەرێمی کوردستان و عێراق، لەم نوێوەندەدا هەرێم کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشی بەهێزی ناوچەیی ئەگەر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە نەکات دوور نییە ببێتە مایەی هەڕەشە و دەستێوەردان. ئاڕاستەکردنی موشەکەکانی پاسدارانی ئێران بۆسەر هەولێر ئاگاداریەکی توند بوو بۆ حکومەتی هەرێم لەوبارەیەوە.

مەسرور بارزانی لەسەردانەکەیدا بۆ بەریتانیا ئاماژەی بەوە کرد دەتوانن ببنە جێگرەوەی دەوڵەتی ڕوسیا لە هەناردەی گازی سروشتی بۆ یەکێتی ئەوروپا، ئەم دڵنیاکردنەوەی مەسرور بارزانی بە هەناردەی گازی هەرێم لەڕێگای تورکیاوە بۆ ئەوروپا کاردانەوەی توندی چاودێران و شارەزایانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە بەشێوەیەک بە کێشەیەکی نارەوا و ناشارەزایانە لێکدرایەوە، بەهەر نزیک بوونەوەیەک لە یەکێتی ئەوروپا بەواتای بەدژایەتی ڕوسیا دەبینرێت. نیشاندانی غازی کوردستان وەک بەدیلی گازی ڕوسیا بۆ وڵاتانی ناتۆ هەرێمی کوردستان دەخاتە نێو شەڕێکی نێودەوڵەتیەوە کە هیچ کات هەرێم کەرەستەی بەرگریکردنی لە خۆی نییە.

کارتی بەهێزی ڕوسیا بەرانبەر یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ناتۆ کارتی وزەیە بەتایبەتی گاز، هەوڵدانی هەرێم بۆئەوەی کارتی گاز لەجێگەی ڕوسیا بسوتێنێت ئەوە ئەوپەڕی کورتبینی سیاسیە، هەرێم نەپێگەی جیو سیاسیە و نە بەتوانای ئابووری و سەربازیەکەی و نەڕەوایەتی دەستووری یاساییەکەی هی ئەوەبێت بچێتە ململانێیەکی نێودەوڵەتی گەورەوە!

ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم و خودی مەسرور بارزانی... مەترسی گەورە لەسەر باری ئابووری هەرێم بەتایبەتی مووچە خۆرانی هەرێم دروست دەکات، چونکە وەزارەتی نەوتی عێراق پەرچە کرداری دەبێت لەسەر ئەو وەڵامەی هەرێم بەتایبەتی سەرۆکی حکومەت کە بڕیارەکە لەلایەن ئەوەوە دەرکراوە، ئەوکاتە هەنگاوەکانی داهاتووی وەزارەتی نەوت دەتوانێت کێشە بۆ بازرگانی نەوتی هەرێم دروست بکات بەشێوەیەک نەتوانێ نەوتەکەی بەڕەسمی ساغ بکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەوتی هەرێم لە بازاڕەکانی دەرەوە بە قاچاغ بفرۆشرێت.

دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاری ژمارە (2019) لە (15/2/2022) دەرکردووە، کرۆکی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بەم شێوەیەیە:-

1-نا دەستوری بوونی یاسای نەوت و غازی هەرێم ژمارە (22)ی ساڵی (2007) هەروەها هەڵوەشاندنەوەی یاساکە لەبەرئەوەی پێچەوانەی مادە دەستووریەکانی (110،11،112،115،121،130)یە.

2-پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە ڕادەستکردنی سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەریهێناون بە وەزارەتی نەوتی عێراق.

3-سکاڵاکار مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوون بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکومەتی هەرێم و نوێنەرەکەی (وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان) لەگەڵ لایەنە دەرەکی و دەوڵەت و کۆمپانیاکان سەبارەت بە دۆزینەوەی نەوت و گاز گرێبەستیان کردووە.

4-هەرێم ڕێگەبدات بە وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێرانی دارایی بەهەموو گرێبەست و مامەڵەیەکی نەوتیدا بچنەوە بۆ وردبینی و دیاریکردنی پابەندییە داراییەکان کە دەکەونە سەر حکومەتی هەرێم کە لە بودجەی فیدراڵی دیاری دەکرێت.

وەزارەتی نەوتی عێراق لە نوسراوێکدا داوای گرێبەستەکانی هەرێم بۆ ئەم مەبەستانەیە:.

1-تەماشاکردنیان لەلایەن تیمێکی پسپۆڕ و ڕاوێژکارانی وەزارەتی نەوتی عێراقەوە بە ئامادەکردنی نوێنەری ڕێگەپێدراوی هەرێم.

2-گونجاندنی گرێبەستەکانی هەرێم و هەموارکردنیان بەپێی یاسایی بەرکاری عێراق و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق.

وەزیری نەوتی عێراق لەبارەی بڕیاری دادگای فیدراڵی یەوە دەڵێت / بڕیارەکە دەسەڵاتی بە وەزارەتی نەوت داوە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستەی کە هەرێمی کوردستان کردوویەتی، هەروەها دەسەڵاتی پێداوین بگەڕێین بەشوێن لێکەوتە داراییەکانی پرۆسەی فرۆشتنی نەوت و غازی هەرێم لە ساڵانی ڕابردوودا، لەهەمان کاتدا بۆڕی نەوتی عێراق لەڕێگەی تورکیا لە دادگای نێودەوڵەتییەکاندایە، تورکیا بە شێوەیەکی نایاسایی بۆریەکەی بەکارهێناوە.

دادگا ڕێگەی پێداوین کە نەوتی هەرێم بە نرخی سومۆ بفرۆشین و هەروەها دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی پێداوین و قبوڵی ناکەین کە نەوتی هەرێم کەمتر لە نەوتی عێراق بفرۆشرێت.

بەپێی زانیارییەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنامەیەک وەڵامی وەزارەتی نەوتی عێراقی داوەتەوە تیایدا ئەو بڕیار و میکانیزمانەی وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕەتکردۆتەوە کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و ڕادەستکردنی دۆسیەی نەوت بە بەغداد.

هەر هەنگاوێکی لەم جۆرەی ئێستای هەرێم کارێکی ناپەسەند و هەڵەشەیە لە کاتی بوونی ململانێ و ناکۆکیدا، پێویستە حکومەتی هەرێم نەبێتە بەشێک لە کێشە و ململانێکان کە ڕەنگە داهاتووی قەوارەی هەرێم و سەروەری خاکەکەی بخاتە ژێر مەترسییەوە...



## موحسین کەریم: بەبڕوای من هیچ گومانێك لەسەر ئەوە نییە کە پارتی سەردەشتی تیرۆرکردوە. ئەو ڕاگەیاندنەی دەزگای زانیاری بەڵگەیەکە ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز موحسین کەریم: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و سەرنوسەری بڵاوکراوەی ( ئۆکتۆبەر) ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بەتەوەری ١٢هەمینساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان و پرسی ئازادی بیروڕا لە کوردستان

**بۆپێشەوە: دووساڵ پێش ئێستا لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیدا دەزگای زانیاری یەکێتی نیشتیمانی لە ڕاگەیاندنێکدا بۆ یەکەمین جار دانی بەوەدانا کە پارتی سەردەشت عوسمان ی ڕۆژنامەنووسی تیرۆر کردووە، ئایا ئێستا گومانێک ماوەتەوە لەوەی کە پارتی لەپشت ئەم کردەوە تیرۆریستیەیە؟**

**موحسین کەریم:** بەبڕوای من هیچ گومانێک لەسەر ئەوە نییە کە پارتی سەردەشتی تیرۆرکردوە. ئەو ڕاگەیاندنەی دەزگای زانیاری بەڵگەیەکە. کاتی خۆی مەلای بەختیار دوای چاوپێکەوتنی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی وتارێکی نوسی سەبارەت بە پرسی تیرۆری سەردەشت عوسمان، و لە وتارەکەدا زۆر بەڕوونی دیاربوو کە پارتی سەردەشتی تیرۆرکردوە! من لەوبارەوە وتارێکم نوسی و، وتم کە مەلا بەختیار بکوژانی سەردەشت عوسمان ئاشکرا دەکات! هەروەها سیناریۆی دادگاییکردنی کەسێک لەسەر کەیسی تیرۆی سەردەشت کە چوار مانگ پێش لە ڕوداوی تیرۆرەکە دەستگیرکرابوو، سەرباری ئەو هەوڵانەی کە بەرپرسانی پارتی لەگەڵ خێزانی سەردەشتدا دایان بۆ ڕازیکردنیان بە سوڵحکردن و...تاد. هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی لەپشتی تیرۆری سەردەشت عوسمانەوەن!

**بۆپێشەوە: کەسانێک تەنها بەهۆی وتارێک یان بەهۆی ڕەخنەیەکی تیژەوە لە دۆسیەیەک و بەرپرسێک بە ئاشکرا تیرۆر دەکرێن... وەک سۆرانی مامە حەمە، عبدالستار تاهیر شەریف، کاوە گەرمیانی، سەردەشت عوسمان، دیداد حسێن... تاد، چ بکرێت بۆ ئەوەی لەسەر ئازادی بەیان و بیروڕا و ڕەخنەگرتن، نووسەر و ڕۆژنامەنوس تیرۆر نەکرێت یان توشی هەڕەشەی مافیاکانی دەسەڵات نەبێتەوە؟**

**موحسین کەریم:** کوردستانی عێراق بەدەست دوو میلیشیای چەکدارەوەیە، و فەزای سیاسی لەلایەن ئەوانەوە کۆنترۆڵ کراوە. هێزی چەک حوکم دەکات نەک یاساو دادگا! هەر بەرپرسێک بەڕادەی ئەو هێزە چەکدارەی بەشوێنیەوەیەتی دەتوانێ خاوەنی بڕیاری سیاسی بێت و بگرە دەسەڵاتی یاسایشی هەبێت! یاسا و دادگا پاشکۆی بڕیار و بەرژەوەندی ئەوانە بەپێی میزاجی ئەوان جێبەجێ دەکرێت! بۆیە بەبڕوای من ناکرێ باسی پاراستنی یاسایی مافی ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕا بکرێ.

> **گومان لەوەدا نیە کە هاتنەمەیدانی خەڵك بۆ ڕاماڵینی ئەم چەتەو مافیایانە دەتوانێ کۆتایی بەم دیاردە ترسناکە بهێنێ. میلیشیای چەکدار بە یاسا جڵەو ناکرێ.. بە خەباتی مەدەنی دەستی نابەسترێ، بەڵکو دەبێ پاك بکرێتەوەو نەهێڵرێت..**

باس لەوە بکرێ بەپێی یاسا پێش بە تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و ڕەخنەگران لە ئەحزابی دەسەڵاتدارو بەرپرسانی بگیرێت! بێگومان هاتنەمەیدانی خەڵک لەدژی تیرۆرو بەرتەسک کردنەوەی ئازادی بیروبۆچوون و بیروڕاو ئازادی سیاسی ئەتوانێت

> **هەر بەرپرسێك بەڕادەی ئەو هێزە چەکدارەی بەشوێنیەوەیەتی دەتوانێ خاوەنی بڕیاری سیاسی بێت و بگرە دەسەڵاتی یاسایشی هەبێت !یاسا و دادگا پاشکۆی بڕیار و بەرژەوەندی ئەوانە بەپێی میزاجی ئەوان جێبەجێ دەکرێت!**

فەزایەکی وا دروست بکات کە مافیاکانی دەسەڵات نەوێرن و نەتوانن بە ئاشکراو بێ منەتانە نەیارانی سیاسی و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنوسان تیرۆر بکەن، و دامێنی ئازادی سیاسی بەرتەسک بکەنەوە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە هاتنەمەیدانی خەڵک بۆ ڕاماڵینی ئەم چەتەو مافیایانە دەتوانێ کۆتایی بەم دیاردە ترسناکە بهێنێ. میلیشیای چەکدار بە یاسا جڵەو ناکرێ.. بە خەباتی مەدەنی دەستی نابەسترێ، بەڵکو دەبێ پاک بکرێتەوەو نەهێڵرێت.. ئەوە تەنها ڕێگایەکە بۆ ئەوەی نەک هەر دیاردەی تیرۆر لەنێو ببرێت، بەڵکو کۆمەڵگای کوردستان لە شەڕی ئەوانە رزگاربکات.

**بۆپێشەوە: ئەگەر دادگا و دەسەڵاتی دادوەری پاوانی حزب و دەسەڵاتە، دەبێ چ ڕێگایەک بگیرێتە بەر بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی سەربەخۆی دادگاکان و لێپرسینەوەی یاسایی لە دەیان دۆسیەی وەکو دۆسیەی سەردەشت عوسمان؟**

**موحسین کەریم:** وەکو لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد، گێڕانەوەی ڕۆڵی سەربەخۆی دادگا لەچوارچێوەی دەسەڵاتی مافیا و میلیشیای چەکداردا مومکین نیە. بۆیە بە بڕوای من هەموو ئەو دۆسیانەی ئێوە باسیان دەکەن و دەیان دۆسیەی دیکەی تیرۆرو کوشتن و ونکردن و...تاد. بەندە بەوەی کە ئەم میلیشیا چەکدارانە لەچەک دابماڵرێن، واتە چەک بکرێن و دەسەڵاتیان لێ بسەنرێتەوە! دەسەڵات بکەوێتە دەستی خەڵک و شوراکانی خەڵک خۆیان و ئەوکاتە دەتوانرێ ئەو دۆسیانەو دەیان کەیسی و پرسی دیکە یەکلایی بکرێنەوە. چونکە تەنها لەو حاڵەتەدا کە خەڵک خۆیان دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستەوە بێت، دەتوانن دادگای سەربەخۆ و عادئلانە دابمەزرێنن کە پەیڕەوی لە کۆمەڵێک یاسای پێشکەوتوو ئینسانی بکات کە خەڵک خۆیان وەکو پلاتفۆرمی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری کردویانەتە یاسا و دەستوری کوردستان.

**بۆپێشەوە: ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد، هەر کاتێک کیشەیان لەگەڵ دەسەڵات هەبێت، دۆسیەی تیرۆر بەگشتی تیرۆری ڕۆژنامەنووسان بەدەستەوە دەگرن، کاتێکیش بەشیان لە کێکی شیرینی دەسەڵات پێدەدرێت، قرو قەپی لێدەکەن.... چۆن دەڕوانە مامەڵەی ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانە؟**

**موحسین کەریم:** بەبڕوای من ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی وەکو ئەو بازرگانە ساختەچیە کاردەکەن کە کە کاڵاکانیان دەشارنەوە بۆ ڕۆژێک کە خەڵک زیاتر پێویستی پێیانە، و ناچارن پارەی زیاتری پێبدەن. ئەوانیش پارەی زیاتر لە خەڵک بکێشنەوە و قازانجی زیاتر بخەنە گیرفانیان. ئەوانیش بەهەمانشێوە کاتێک دەسەڵات کەمتر حسابیان بۆ دەکات، بۆئەوەی بەشێکی زیاتری لێبچڕن بۆخۆیان دەست بۆفشارکردن دەبەن و کارتی خەڵک و تیرۆری نەیاران و ڕۆژنامەنوسان و مەسەلەی هەژاری و بڕینی مووچەو نەبوونی خزمەتگوزاری و...تاد. دەکەنە دەستمایەی سیاسەتە قێزەونە سەوداگەریەکانیان! کەیسی تیرۆرو دەردیسەریەکانی خەڵک بابەتی موزایەدەو ساتوسەودای ئەو هێزانەیە لەگەڵ دەسەڵاتی میلیشایی و مافیایی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی سیاسی و مادی و هیچی تر!

**بۆپێشەوە: بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خواستی راماڵینی دەسەڵاتی هەیە... پرسی سەردەشت عوسمان و ئازادی چ پەیوەندیەکی بە راماڵینی دەسەڵاتەوە هەیە؟**

**موحسین کەریم:** وەکو پێشتر باسم کردوە، یەکلاکردنەوەی پرسی تیرۆری سەردەشت و سەرجەم تیرۆرەکانی دیکەو هەموو ئەو تاوانانەی کە دەسەڵاتی مافیایی و میلیشایی کوردستان دەرهەق بە خەڵک کردویەتی بەندە بە ڕاماڵینی ئەو میلیشیایانەوە. خەڵکیش بەکردەوە ئەوەی بۆدەرکەوتووە کە هیچ چاکسازیەک لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ئەماندا و هیچ داواکاری و خوستێکی، یان گێڕانەوەی مافێکی زەوتکراوی یان غەدرێک کە لێی کراوەو دەکرێ، ئیمکانی نیە، بۆیە خواستی ڕاماڵینی ئەوانەیان بەرزکردۆتەوە و بەهەزار زمان دەیلێنەوە.. ئێستا ئیتر گرفتەکە لەوەدایە کە چۆن ئەو هێزە ئامادەدەکرێت بۆ ئەنجامدانی کاری ڕاماڵین و پاکردنەوەیان...ئەوە مەسەلەی سەرەکی خەڵکی کوردستانە کە دەبێت وەڵامی پێبدرێتەوە!

**بناغەی سۆسیالیزم ئینسانە، سۆشیالیزم بزوتنەوەی گەڕاندنەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان...**



## دیاری چالاك: هیچ جیاوازیەك نییە لەنێوان زۆنی زەرد و سەوزدا بۆ ستەم و زۆرداری كردن بەرامبەر بە دەنگی بوێر و ئازاد...

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز دیاری چالاك؛ چالاكوانی شارستانی سەبارەت بە۲۱ەمین ساڵیادی تیرۆركردنی سەردەشت عوسمان و پرسی ئازادی بیروڕا لە كوردستان.

**بۆپێشەوە: دوای ئەوەی یەکێتی دانی نا بەوەی کە پارتی تۆمەتبارە بە تیرۆری سەردەشت عوسمان، پێویست نییە دادوەرانی ئازادیخواز و سەربەخۆ، ئەم کەیسە لە دادگا بجوڵێننەوە؟ پێویست نییە رۆژنامەنووسان و نووسەرانی و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە، بە گوڕو تینێکی تازەوە گوشار بهێنن بۆ پارتی و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم تا چارەنووسی کەیسی سەردەشت و سەرجەم کەیسەکانی تری تیرۆری سیاسی و رۆژنامەنووسان، بۆ خەڵکی کوردستان روونبکەنەوە؟**

**دیاری چالاک:** داد و بێداد

ئەم یادە بۆخۆی سەدبارە جەختکردنەوەیە لەسەر نەبوونی داد و دادگەرایی لەکۆی پرۆسەی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، گەر دادگاکان لەکات و شوێنی خۆیاندا چالاکبونایە و سەربە ئەم لایەن و ئەولایەن نەبوونایە ئێستا ئێمە لەبری داکۆکی لەمافی زەوتکراو و تیرۆری سەردەشتدا بنووسین، لەیەکێ لەبوارەکاندا لێکۆڵینەوەو شیکاریمان دەکرد بۆ بەرەوپێش چوونی ژیاری خەڵکی کوردستان....!

**بۆپێشەوە: سەردەشت عوسمان بەدوای وتارە تەنزئامێزەکەی بەناوی" من عاشقی کچەکەی بارزانیم" کە دیمەنی نابەرابەری کۆمەڵگەی چینایەتی دەخاتە ڕوو، سەرەتا تووشی هەڕەشە و پاشان تیرۆر دەکرێت، کەواتە کەیسەکە دیارە و نەخشە دارێژەرانیشی ئاشکران... کەچی دادگا و داواکاری گشتی هیچ رۆڵێک ناگێڕن... ئەمە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**دیاری چالاک:** لەکۆی پرۆسەی سیاسی حکومەتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢ وە و لەکاتێکدا کە لەشاخیش بوون تیرۆری دەنگی ناڕازی و دەنگی ئازاد بەشێکی دانەبڕاوبووە لە سیاسەتکردنیان بۆ بەردەوامی دان بە مانەوەو پاراستنی پێگەی کەسی چەند کەسایەتیەکی دیاریکراو.... وە لەدوای ڕاپەڕین و درووستبوونی حکومەتی هەرێمەوە ئەم جۆرە لە بەڕێوەبردن و سیاسەتکردن لەناو هزرێکی تەسکی خێڵەکی و هۆزو عەشرەتەکاندا بەردەوامی هەبووە و لەبرەویشدا بووە و ڕۆژبە ڕۆژ ستەم و تیرۆر ڕوبەڕووی نوزەیەک لەدەنگی ئازاد بۆتەوە و سەرکوتکراوە جا لەهەرکوێیەکی ئەم هەرێمەوە بوبێت، ئەوەی جێی سەرنج و بایەخە کە ئەم هەموو خوێنڕشتن و زیندان و ستەمکردنە نەک دەنگی ئازادی پێ کپ نەکرا، بەڵکو دەنگە ئازادەکان بە گڕوتینی زیاترەوە سەریان هەڵدەدا و لەکاروانی خەباتتدا دژی ستەم بەردەوام بوون و دەشبن.

هیچ جیاوازیەک نییە لەنێوان زۆنی زەرد و سەوزدا بۆ ستەم و زۆرداری کردن بەرامبەر بە دەنگی بوێر و ئازاد.

وەک چالاکوانێک گومانم هەیە ڕۆژێک دابێ لەژێرسایەی ئەم حیزبە خێڵەکیانەدا دادودادگەری بێتە ئاراوە و ماف بپارێزێ...!!

## هیچ جیاوازیەك نییە لەنێوان زۆنی زەرد و سەوزدا بۆ ستەم و زۆرداری كردن بەرامبەر بە دەنگی بوێر و ئازاد

وەک ئاشکرایە کە بیرو ئەندێشەی خێڵەکی هێندە تەسک و تروسکە توانای بینینی سەری لوتی خۆی نییە، خۆئەگەر بکەونە ژێر فشارەوە ئەوە دەبنە ماری بریندارو بەهەرچوارلادا ژەهر بڵاودەکەنەوە، لەگەڵ سێبەری خۆیاندا بەشەڕدێن و هەموو هێزو توانایان بەکاردەهێنن لەپێناوی مانەوەو بەردەوامی خۆیان و هیچ کاتێک ئامادەنین دەستبەرداری ئەو دەسەڵاتەبن کە ڕۆژێک لەڕۆژان خەڵک پێی بەخشیون لەپێناو خزمەتکردنی وڵاتتدا.

بەداخەوە کە ئێمە گەورەترین و لەبارترین دۆخمان لەدەستدا بۆ بونیادنانی هەرێمێکی نموونەیی لەڕووی حوکمڕانی و داد و ئازادی و یەکسانیەوە، ئەم دۆخەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووین هەروا بەئاسانی چارەسەر ناکرێ و بەم زوانە چاوەڕێی گۆڕانکاری لێناکرێ، چوونکە بارودۆخی ناوچەکە هێندە ئاڵۆز و پەشێوە و هەرهەمووشی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانداییە کە ناتوانن بۆ یەک چرکەسات دەنگێکی ئازاد گوێ لێبگرن، ئەوەی کە دەکرێ تەنیا بەرز ڕاگرتنی گیان بەخشینی سەدانی وەک سەردەشتە کە وەک سمبولێک بۆ دەنگی دلێر و ئازاو نەبەز، بۆ گیانفیدایی و بەرەنگاری و یاخیبوون بەردەوام ببێتە هێز و توانا بۆ ئایندە هەرچەندە دوریشبێ ....!

ئازادی خوازەکانی دوێنێ کۆیلەکانی ئەمڕۆن...! شۆڕشگێڕە دێرینەکان سەرکوتکەری ئەمڕۆن..

چ سامناکە بوون لەگەڵیان.

من ئازادی ڕا دەربڕینم ناوێ....!

ئازادی دوای ڕا دەربڕینم دەوێ...!

**سوپاس بۆ ئێوە**



## كامەران محەمەد: كادرێكی پارتی پێی وتم: لەسەر بنەماڵە بنوسیت، بەتەمای خۆت مەبە!

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز كامەران محەمەد چالاكوانی مەدەنی سەبارەت بە۲۱ەمین ساڵیادی تیرۆركردنی سەردەشت عوسمان و پرسی ئازادی بیروڕا لە كوردستان.

**بۆپێشەوە: تیرۆری رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان هەڵگری چ پەیامێکی دیاریکراو بوو؟**

**کامەران محەمەد:** دەتوانم بڵێم کەیسی سەردەشت عوسمان تەواو جیاوازە لە کۆی کەیسەکانی دیکەی تیرۆر لە کوردستان، چونکە سەردەشت، ئیبراهیم ئاسا ڕاستەوخۆ بەگژ خودی بتەکاندا چۆوە، سەردەشت نەهات بە دارودەستەی پاشا بڵێت ئێوە پەڕپوتن، بەڵکو ڕوبەڕوو بە پاشای گوت "تۆ ڕووتی". ئەگەر وردبینەوە لە نوسینەکانی، بۆمان دەردەکەوێت کە سەردەشت باوەڕی بەوە هەبوو چاکسازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەکرێت، نەک بە پێچەوانەوە، ئەو گەسکێکی لەدەست گرتبوو، خەریک بوو لە پلیکانەی سەرەوە ناشرینی و ستەمەکانی ئەو دەسەڵاتەی بۆ خوارەوە ڕادەماڵی!

## سەردەشت باوەڕی بەوە هەبوو چاكسازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەكرێت، نەك بە پێچەوانەوە، ئەو گەسكێكی لەدەست گرتبوو، خەریك بوو لە پلیكانەی سەرەوە ناشرینی و ستەمەكانی ئەو دەسەڵاتەی بۆ خوارەوە ڕادەماڵی!

**بۆپێشەوە: یانی پێتوایە هۆکاری تیرۆرکردنەکەی ئەوەبوو، کە لەگەڵ لوتکەی دەسەڵات بەرەنگار ببۆوە؟**

**کامەران محەمەد:** بەڵێ بێگومان، من ئەوکاتەی لە ڕۆژنامەی ئاوێنە کارم دەکرد، کادیرێکی پارتی پێی گوتم، لەسەر هەرکەسێک لەناو پارتی دەنوسی ژیانت بەو شێوەیە ناکەوێتە مەترسی، بەڵام لەسەر بنەماڵە بنوسیت، بەتەمای خۆت مەبە!

**بۆپێشەوە دووساڵ پێش ئێستا لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیدا دەزگای زانیاری یەکێتی نیشتیمانی لە ڕاگەیاندنێکدا بۆ یەکەمین جار دانیبەوەدانا کە پارتی سەردەشت عوسمان ی ڕۆژنامەنووسی تیرۆر کردووە، ئایا ئێستا گومانێک ماوەتەوە لەوەی کە پارتی لەپشت ئەم کردەوە تیرۆریستیەیە؟**

**کامەران محەمەد:** ئەی بۆچی ئەوکات کەتیرۆرەکە ڕویدا، یەکێتی هیچ هەڵوێستێکی نەبوو؟! خۆ سەرۆکی پەرلەمان ئەرسەلان بایز بوو کە مەکتەب سیاسی یەکێتیە؟! یەکێتی لەبەرەی ستەمکارییە و بێدەنگی ئەوکاتیشی نیشانەی ڕازیبوننییەتی، لە باشترین حاڵەت خۆنەبانکردنیەتی لە بابەتەکە، ئینجا ئێمە بۆچی ڕاگەیاندنی یەکێتی بکەینە دەلیلی بابەتێک، کە هەموو خەڵک دەیزانێت، ئەوان دەیانەوێت لەپەنای سەردەشت عوسمان شەڕی حزبیی خۆیان بکەن و ئەو ڕاگەیاندنەش هیچ بەهایەکی نییە، هەر بەبێ ڕاگەیاندنی یەکێتیش، ئەوە یەکلابۆتەوە کە پارتی سەردەشت عوسمانی تیرۆر کردوە، من بەدەیانجار گوێم لە کادیری پارتی بوە لەکاتی گفتوگۆ پاساویان بۆ تیرۆرەکە بەوە هێناوەتەوە، کە کەسێک **لەسەر ناموسی تۆ بینوسی، چی لێ دەکەی؟! ئەمە خۆی ددانپێدانانە بەتیرۆرەکە!**

**بۆپێشەوە: دوای هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستی، دەسەڵاتی سیاسی سیناریۆی ساختە وەڕێدەخات، کەسانێک وەکو تۆمەتبار دەخاتە ڕوو، لەهەموو ئەو سیناریۆیانەشدا مایەپوچ دەبێت، کەچی دەستبەرداری ئەم سیناریۆ پوچانە نابێت... چۆن دەڕواننە ئەم مامەڵەیە؟ تەنانەت لە دواترین کەیسی ڕۆژنامەنووسانی بادینان هەمان سیناریۆ دووبارە کرایەوە.**


**کامەران محەمەد:** لە هەندێک ڕووەوە پارتی حزبێکی بەهێزە، چونکە خاوەنی هێز و پارەیە، بەڵام سیناریۆی تاوانەکانی زۆر بێهێزە، خاڵی بێهێزیەکەی ئەوەیە کە سیناریۆکە ناڕاستە، بۆیە لە شوێنێک پەتی ئەو ناڕاستیە دەپسێت، لەبیرمە جارێک هەر لە پرۆسەی دادگاکەی سەردەشت عوسمان، حاکم دۆسیەکەی ڕەتکردەوە؟! دژیەکییەکی زۆر لە قسەکانی تۆمەتباردا هەبوو! ئەم بابەت و جۆرە سیناریۆیانە لەهەموو دەسەڵاتێکی ستەمکار ڕوودەدات، بۆ نمونە کەیسی تیرۆری خاشقچی لەناو بالوێزخانەی سعودیە لە تورکیا، سەرەتا سیناریۆیان بۆ ڕێکخست و تەواوی دەوڵەتی سعودی خەریکی چنینی سیناریۆکە بوو، بەڵام دواتر مایەپوچ دەرچون، ئەوەی سەردەشتیش ئەنجامەکەی هەمان شێوە بوو.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە دەبێ چ بکرێت تا ئەو دۆسیەیە بەئاکامی خۆی بگات، بەو مانایەی بکوژانی، نەخشە داڕێژەرانی ئاشکرا بکرێن و ڕادەستی دادگا بکرێن؟**

**کامەران محەمەد:** ڕاستیەکەی ئەو دۆسیەیە لای خەڵکی هەرێم بەئاکام گەیشتوە و ئەوەی ماوەتەوە سزادانی بکوژانە، ئەمن پێموایە تا ئەو دەسەڵاتە حوکم بکات، تاوانبارانی هەقیقی ئەو تاوانە نادرێنە دادگا، ئەو حاڵەتە چەند تاڵ بێت، بەڵام ئازادیخوازان بێئومێد ناکات لەوەی ئەم کەیسە بە زبدوویی بهێڵنەوە، ئەگەر سەیر بکەین، سەردەشت عوسمان وەکو مۆتەکە بەدوایانەوەیە، کەم ناڕەزایی هەیە لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوە، وێنەی سەردەشتی تێدا بەرز نەکرێتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەدادگایی کردنی بکوژانی و سزای یساییش لەسەر کات وەستاوە.

**بۆپێشەوە: دنیای دەرەوە مەبەستمان میدیا و ناوەند و کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتیەکانە، چ ڕۆڵێکیان لە پەیوەند بە دۆسیەی تیرۆرەکانی کوردستانەوە هەیە؟**

**کامەران محەمەد:** دونیای دەرەوە زۆر باش ئاگاداری کەیسی تیرۆر و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنوسانە، کاتێک عێراق دەکەوێتە ناوچەی سوور بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، خۆ هەر لەخۆوە نییە، بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانی هیومان رایت و ڕۆژنامەوانانی بێسنوور و ئەمنستی و دەیان ڕێکخراوی تر، بەسە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگاداری شێوازی حوکمڕانی ئەم هەرێمە ببن. ئەمن پێموایە ئەم هەڵوێستانە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر لادانی ماسکی ئەم دەسەڵاتەی کە بەهەزار شێوە لە دونیای دەرەوە خۆی ماکیاژ دەکات.



# ئامانج نوری: بەدیدی من، هێزو فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەتایبەت پارتی ویەکێتی، لاوازترین قۆناغ چاوەڕوانیانە لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوە تا ئەمڕۆ

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئامانج نوری چالاکی سیاسی سەبارەت بە بە پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق...

**بۆپێشەوە: ناو ماڵی "شیعەکان" لێکترازاوە، ئەم لێکترازانە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟**

**ئامانج نوری:** لەتبوون و دابڕان، لەماڵی شیعەدا، کەبنەماکەی ئایدۆلۆجییەتی جیاوازی دوو جەمسەری شیعیی "حوجەتیی وەلائییە"، ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی هەیە، لەسەر پرۆسەی سیاسی و پێکهاتنی لایەنەکان بەئامانجی دروستکردنی حکومەتی ئایندەی عیراق، دوو ئەجێندای جیاوازن.

**بۆپێشەوە: لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کرد، و باس لەوە دەکرێت ئەو لایەنانە دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، ئایا ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر حکومەتی داهاتوو، و شەقامی عێراقی دەبێت؟**

**ئامانج نوری:** وەک باسم کرد، ئێستە موقتەدا صەدر وەک عەرەب ئەڵێت؛ بین المطرقة والسندان". ئەو پێداگرییەی لەسەر حکومەتی زۆرینەی نیشتمانیی، بۆ لێدانە لەباڵەکەی تری شیعەی سەر بەئێران، کەبەهۆکاری کێشەکانی عیراقیان ئەزانێت. ڕەنگە خۆشی ئارەزووی بوون بە ناوەندی کۆکردنەوەی شیعەی هەبێت لەعیراقدا، لەدەوری بۆچوون وئەجێنداکانی.. کەلەم قۆناغەدا لەگەڵ خواستی تورکیاو سعودیەو ڕۆژئاوا هاوتەریبە. ئەوەش دژ بەئەجێنداکانی ئێرانە، کەخۆی ئەبینێتەوە لە؛

یەکەم؛ کۆکردنەوەی هەردوو جەمسەری شیعە لەتەحالوفێکی مەیيال بۆخۆی، "لەقۆناغی پاش کشانەوەی ئەمریکا لەعیراق".

دوهەم؛ لاوازکردنی کوردو عەرەبی سوننە.

سێهەم؛ هەمواری دەستوری عێراق، وتێپەڕاندنی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵی، گۆڕینی ڕیشەیی عیراق وناساندنی وەک " جمهورية عراق الإسلامية"، کەئەوە

**ئامانج نوری:** وەرگرتنی هەڵوێست وبەشدارینەکردن لەحکومەت یان ئیقصاکردن، هەر بەرەیەک لەو دوو بەرەیە بیکات، ئەرکی حکومەت ئەستەم ئەکات، بەئاڕاستەی باشکردنی دۆخی هاوڵاتییان بەتایبەت و عیراقیش بەگشتی..چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە، ئەحزابی چەکداری سەر بەمەرجەعیەتی قومن لەئێران، خامەنەئی بەمەرجەعی خۆیان ئەزانن، هۆکاری پشێویی ولاوازکردنی حکومەت ئەبن، وەک چۆن لەپەرلەمانی ئەمجارە کردیان. بەهەمان شێوە صەدریەکانیش کەسواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان بوون لەناوەراست وخوارووی عێراق، ئەگەر ببنەوە ئۆپۆزسیۆن ئەوا هەمان سیناریۆی پێش هەڵبژاردن دووبارە ئەکەنەوە. ئەگەر تەحالوفاتیش بکەن لەگەڵ باڵەکەی تری شیعە، ئەوا شەقام لەدەست ئەدەن. چونکە لەسەر بنەمای دژایەتی فەسادو دەستوردانەکانی ئێران، سەروو حەفتا کورسییان مسۆگەر کرد. ئەمجارە ئەکەونە ژێر پرسیاری شەقامی عیراقییەوەو بەدەردەکەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەچن. بۆیە هاوکێشەکە بۆ هەردوولایان ئاڵۆزەو

پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران و قوڵاییەکەی لەخۆرهەڵاتی ناویندا، ئەباتە قۆناغێک، کە ئیتر ئێران وەک زلهێزی ناوچەیی وجیهانی بیهڵێتەوە بەرامبەر هەریەک لەسعودیەو تورکیاو ئیسرائیل...ئەوەش خەون وستراتیژی ئێران بووە، هەر لەسەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران ـ عیراقەوە.

**بۆپێشەوە: لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کرد، و باس لەوە دەکرێت ئەو لایەنانە دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، ئایا ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر حکومەتی داهاتوو، و شەقامی عێراقی دەبێت؟**

بەزیانی گەورەی شیعەی عیراقە.

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت( پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**ئامانج نوری:** بەدیدی من، هێزو فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەتایبەت پارتی ویەکێتی، لاوازترین قۆناغ چاوەڕوانیانە لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوە تا ئەمڕۆ، ئەگەر بڵێم تەهمیش ئەبن رەنگە زیادەڕۆیی نەبێت. بەتایبەت دوای ئەو نمایشە سەقەتەی کردیان لەسەر شانۆی سیاسی لەبەغدا لەم خولە نوێیەی پەرلەمانی عیراق و دابەشبوونیان بەسەر هەردوو بەری

دوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان، کەدەسەڵاتدارن، ئێستە متمانەی خەڵکی کوردستانیان لەدەستداوە، بۆشاییەکی گەورە دروست بوە لەنێوانیان لەلایەك و، لەنێوان خۆیان وخەڵکیش لەلاکەی تر... ئەمانە حزبی چەکدارن وسیستمی حوکمی عائیلی بەتەواویی پەیڕەو ئەکەن

شیعەدا، بەدوو خیتابی جیاوازو نیمچە دژبەیەک، لەسەر بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسی و وەرگرتنی پۆستی سەرەک کۆمارو دۆسییەی نەوت وگازی هەرێم. کەئەوەش رەنگدانەوەی نێگەتیفی هەبوو لەسەر ئیدارەی هەرێم، باجێکی قورسی ئەبێت. لەعیراقیش دوای یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەبەغدا، لەهەردوو ئەگەرەکەو ئەنجامی کێشمەکێشەکەدا، پێگەیان صفر ئەبێتەوە لەبەغداو دەوریان لاوازەو نامێنێن بەبەهێزی.

**بۆپێشەوە: زوربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بڕوایان بە حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، بەڵکو لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ڕاماڵینیان، چۆن دەکرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حزبانە بهێندرێت؟**

**ئامانج نوری:** دوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان، کەدەسەڵاتدارن، ئێستە متمانەی خەڵکی کوردستانیان لەدەستداوە، بۆشاییەکی گەورە دروست بوە لەنێوانیان لەلایەک و، لەنێوان خۆیان وخەڵکیش لەلاکەی تر... ئەمانە حزبی چەکدارن

وسیستمی حوکمی عائیلی بەتەواویی پەیڕەو ئەکەن، دارایی و وزەو نەوت وبازاڕو ودەزگای ئەمنی ودۆسییەی عیلاقاتیان تەواو کۆنترۆڵ کردوە. دوای بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆن لەدەسەڵات و شەریکایەتیکردنی یەکێتی وپارتی، شەقامی کوردستانیی بەتەواوی نائومێد بووەو ڕەشبینە، زەحمەتە لەم قۆناغەدا متمانە بەئۆپۆزسیۆنێکی نوێ بکرێ " کاتی خۆی دوای هەڵکردنی دروشمی بەرەو دەسەڵات ڕووبەڕوو ئەوەوەم بەخوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا ووتوە". ئەگەرەکان وسیناریۆی گۆڕانکاریی زۆرن، بەڵام زەحمەتن.

دەریشکەوت بە هەڵبژاردن لە کوردستان "ئینتیخابات"، نەتوانرا گۆڕانکاریی بکرێ لە بارو دۆخەکە، ئەگەر زۆرینەی کورسیەکانیش بهێنن، چونکە دوو حزبی چەکدارن. ئەلتەرناتیڤیش هێشتا نەخەملیوە!

**بۆپێشەوە: عێراق سیستەمی پەرلەمانییە، لە سیستەمی پەرلەمانیشدا سەرۆک کۆمار پۆستێکی تەشریفاتی و ڕەمزییە و دەسەڵاتی سنورردارە... هۆکاری ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، چییە؟ پێتوانیە ململانێکانی نێوانیانە لە کوردستان دەیگوازنەوە عێراق؟**

**ئامانج نوری:** ململانێی دوو هێزە کوردییەکە لەسەر پۆستی سەرەک کۆمار بێمانایەو، لەپێناو دەسکەوتی مادیی و مەعنەویدایە، بۆ مانەوەیانە لەهاوکێشە عیراقییەکەدا، ئەکرێ واش لێکبدرێتەوە کەصیراعێکی عائیلەکانی حوکمە لەکوردستان و ڕەنگدانەوەی لەبەغدادیش هەیە لەپێناو سڕینەوەی یەکترو هەیمەنەکردندا، ئەوە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕەگ وڕیشەی هەیەو ئێستەش لەفۆرمێکی نوێدا بەردەوامە.

هیچ ئیشتباهێکیش نییە گەربڵێین؛ پۆستی سەرەک کۆمار لەسەر ئەرزی واقیع بۆ کورد هیچی لێ سەوز نەبووە، بەبەڵگەی ئەوەی نەیتوانییوە هیچ کام لەدۆسییە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان یەکلا بکاتەوە وەک؛ یاسای نەوت وگاز، پێشمەرگە، مادەی140، جینۆساید، بودجەی کوردستان و تاد.

## جیهان بە بێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بە بێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بە بێ هەڕەشەی سۆشیالیزم، ئەگۆڕێت بەرەو لیتاوێک....

# دریژەی... سەرگەردانی سیاسی یان تێکۆشانی چینایەتی

ڕوپۆشکردنی هەمان سیستەم و دەسەڵاتی خولقێنەری کێشە وقەیرانەکانی خەڵکە، کە گەشەدانە بە جیاوازی یە چینایەتییەکان.

بۆ زیاتر تێگەیشتن باشترە باسی وڵاتی فەرەنسا بکەین. ڕۆژی یەکشەممەی ٢٤-٤-٢٠٢٣ لە هەڵبژاردنی دەوری دووهەم لە فەرانسە "ماکرۆن" بە ٥٨% دەنگەکان بە سەر "مارین لۆپێن" کە ٤٢% ی دەنگەکان هێنا سەرکەوت و بۆجاری دووهەم وبۆ پێنج ساڵی دیکەش بۆوە بە سەرۆک کۆماری فەرانسە.
خەڵک یان دەبوا دەنگ بدەن بە ماکرۆن، یان دەنگ بدەن بە لۆپێن و یان هەر دەنگیان نەدابا.

لە هەموو خەڵکیش ڕوون بوو کە ماکرون کێیە چۆن پشتیوانی سەرمایەدارو بازرگان و پارەدارەکانی وڵاتی فەرەنسا دەکات کە چۆن لەساڵانی سەرۆکایەتی دا هەوڵی دەدا چەند یاسایەک لەدژی خانەنشینان و کرێکاران و خەڵکی لەئاست مام ناوەند دەربکات. بەئاشکرا هەوڵی دەدا کە تەمەنی خانەنشینکردن گۆڕانکاری تێدا بکات بۆئەوەی کرێکارو فەرمانبەران زیاتر کاربکەن دواتر خانەنشین بکرێن ئەمەش ڕاستەوخۆ لێدانە لەبەرژەوەندی کرێکاران و پشتیوانی یە لەخاوەن کۆمپانیاکان بۆئەوەی زیاتر پارە بەدەستبهێنن.

هەروەها سەبارەت بە مارین لۆپێن یش! هەموو خەڵک دەزانێت
لۆپێن ڕاستوخۆ بەرگری لەگەشەدانی ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیستی دەکات زۆر ڕاشکاوانە دژایەتی هەبوونی پەنابەران دەکات لەفەرەنسا، تەنیا بیر لە ڕەگەزی فەرەنسایی دەکاتەوە و دژایەتی ناتۆیە و باوەڕیشی بە ئۆرووپای یەکگرتوو نییە. پارەشی بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردنی حیزبەکەی لە بانکەکانی ڕووسیای وەرگرتووە. بەگشتی خەڵک ماکرۆنیش دەناسن کە خاوەنی کەسایەتێکی لیبراڵ – دیموکراتە، هەر وەک دیارە پشتیوانی زیاتر لەسەرمایەدارە ملیۆنەرەکان دەکات بەناوی نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی "فەرەنسە" وە، باوەڕی بە فەرەنسایەکی بە هێزی ئابووری هەیە لەهەمانکاتیشدا پێشیوایە ئەوە لە ڕێگەی ئۆرووپایەکی بەهێز و یەکگرتوو و هەروەها; ناتۆیەکی بەهێز بەدی دەێت. ئەگەرچی لەژێریشەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا درێژە پێدەدات بە ناڕاستەوخۆ.

ئەوا ئەم جارەش ماکرۆن توانی سەرکەوتوو بوو بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی حیزبە چەپ و کۆمۆنیست و کرێکاری یەکانی فەرەنسا.
دەرئەنجام داهاتوویی فەرەنسا تووشی چەند قەیرانی نوێ تر دەبێتەوە کە بۆ ماکرۆن زۆر قورس و پڕ سەر ئێشە دەبێت. لەلایەک سەرمایەدارو ملیۆنەرەکان فشاربۆ سەر ماکرۆن دەهێنن کە ئەو بڕیارو بەڵێن وهەنگاوانەی ڕابردوو کاری لەسەرکردووە کە ئەوانیش زیادکردنی باج لەسەر چینی ناوەندو دەستکاریکردنی تەمەنی خانەنشینکردن و چەندین هەنگاوی تر، لەلایەکی تریشەوە فشاری هێزەچەپ و حیزبە کۆمۆنیست و کرێکاری یەکان کە لەکاتی هەڵبژاردن بەڵێنیان بەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەدا بۆ باشترکردنی ژیانیان دواتریش بانگەوازیان کرد کە خەڵک دەنگ بدەن بە ماکرۆن، ئەمەش بۆ فشارێکی زۆر جدی دەبێت بۆسەر حکومەتی نوێ فەرەنسا.

لەبەرئەوەی بەهەموو پێوەرەکان وتوێژینەوەکان ڕەوتی بزوتنەوەی گەشەی چینایەتی لەڕووی جەماوەری یەوە بەرەو هەڵکشان چووە، ئەگەر بێ عاقڵی و سەرگەردنی حیزبە چەپ وکۆمۆنست و کرێکارییەکانی فەرەنسا نەبایە ئەوان بەیەکەوە یەک کاندیدیان هەبایە بەیەکەوە دەنگیان بۆ میلانشۆ دابایە، بەدڵنیایی سەرکەوتوو دەبوون لەم هەڵبژاردنەدا چەپەکان دەیانتوانی حکومەتێکی بەهێز دروست بکەن و ئاراستەی داهاتوو فەرەنسا بەرەو نوێتر وباشتر لەهێنانەدی ماف وئازادییەکان وەربچەرخێنن، بەڵام بەم کەلەڕەقی و خۆپەرستییەی حیزبایەتیان ئەنجامەکان بەجۆرێکی تر دەرچوون.

هەر بۆیە داهاتووی فەرەنسا ڕوبەڕوویی گەشەی ناڕەزایەتی جۆراو جۆرو بزوتنەوەی جەماوەری چینایەتی دەبێتەوە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی گەورەو بەهێز ئەگەری هەیە لەشارەکاندا.

دەرئەنجامی ئەم باسە:
ڕێگای ڕزگاری کۆمەڵگە هیچ پەیوەندی نییە بە تێکۆشانی پەرلەمانی، ئەبینین لەکوردستان و عێراق و ئێران وتورکیا و فەرەنسا و ئۆکرانیا و وڵاتانی تر دوایی چەندین هەڵبژاردنی پەرلەمانی، بەڵام کۆمەڵگە بەردەوام دەرگیرە بە گەشەدانی قەیران و کێشەکانی بێکاری و ئاوارەیی و شەڕو هەژاری وبرسێتی زیاتر و زۆرتری بەردەوام. کاتێکیش هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام دەدرێت زیاتر بۆ ڕوپۆشکردنی هەمان سیستەم ودەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرە کە زیاتر جیاوازی چینایەتی و هەژاری وبێکاری و دزی و گەندەڵی بەرهەم دەهێنێتەوە. کەوایە ڕێگای دروستی ئینسانی ئەوەیە دوور بکەوینەوە لەخەبات و تێکوشانی کلاسیکی و محافیزکاری و حیزب پەرستی، چونکە دیسان کۆمەڵگە ڕاپیچی ململانێی گۆشەگیری و جوڵە تێکشکێنەری ئیرادەی ئینسانی دەکات. دەرئەنجامی ئەم جۆرە تێکۆشانەیە نووسینگە و بارەگا حیزبی یە بەناو کۆمۆنیستی و شیوعی و کرێکارییەکان تەنها بوونە شوێنێک بۆ قاوە خواردنەوەو گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانێتی ڕابردوویی سەرکردەکانی حیزب کەدواتر لەلایەک دەبێتە کاریگەری داهێنانی ئەندێشەوخەیاڵات وبیرکردنەوەی ئەفسانەیی بۆ گوێگران وخوێنەرانی چیرۆکەکانی حیزبەکانیان و لایەکی تریشەوە زیاتر ئەو دیمەن وێنانە هیچ ڕاچڵەکێین و جوڵەیەکی شۆڕشگێڕی ناخولقێنێت کە لەشاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە گوێ بیستی دەبێت وسەیری دەکات کەدەبینێت چەند کرێکار بەهۆی نەدانی هەقدەستەکانیانەوە فرمێسک بەچاوەکانیانەوە دێتەخوارێ و باسی نەدانی کرێ خانووو نەبوونی جل بەرگ و نەخواردنی گۆشت و جیابوونەوە لەژنەکەی دەکات، دواتر گوێ بیستی هەواڵی خۆکوشتن و ژن کوشتن و سووتان و خانەنیشن مردن لەکاتی وەرگرتنی موچەکان دەبنەوە. بۆ بەیانی کادرو ئەندامانی هەمان حیزب و ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیست وشیوعییەکان دیسان دەچنەوە نووسینگە و بارەگاکانیان بۆ چا و قاوە خواردنەوە و گێڕانەوە و خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ئەفسانەی حیزبەکەیان کە ئێوارەش دەگەڕێنەوە دیسان هەمان هەواڵی دوێنی و پێری ومانگی و ساڵی ڕابردوو ناخ هەژێن دەبیستنەوە وسەیر دەکەن ئەمەیە سەرگەردانی سیاسی حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیست و شیوعی و چەپەکانە کە بۆیە ناتوانن خۆیان نوێ بکەنەوە و هەنگاو بەرەو نوێ بوونەوە بنێن.

لەکاتێکدا هەریەکەیان دەنووسن کرێکارانی جیهان یەکگرن لەهەمان کاتدا خۆیان لەدۆڵ وشیوێکدان و خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێشیش لە دۆڵ وشیوێکی تردایە لەلایەک و لەلایەکی تریش هەریەکە لەم گرووپ و ڕێکخراو کۆمۆنیست وشیوعی یانە بەجۆرێک پەرتەوازەن کە خۆشیان تووشی شۆکێکی بێ ئاگایی کپکراوبوون.
* دوا بزماری چارەسەر:
ئەگەر خەڵکی ناڕازی ڕاستگۆیانە پشتیوانی بکەن لە هێنانەدی ماف و خواست و داواکارییە ڕەواکانی کرێکاران و بێکاران و برسی وهەژارانی کۆمەڵگە ئەوا دەتوانن کۆمەڵگەیەکی نوێ ترو باشتر بەدی بهێنن. هیچ خۆپیشاندان وناڕەزایەتێکی خەڵک بەبێ ڕێکخراو بوون لەناو بزوتنەوەی جەماوەری چینایەتی دا سەرکەوتوونابێت، حیزبەکان هێزی بێ ئومێدکردن و چەمانەوەی زیاتری خەڵکی کۆمەڵگەن لەبەردەم یاسا و سیستەمی چەوسانەوەو دزی و گەندەڵیدا. پێویستە ئەمە بگۆڕدرێت بەهێزی گەڕانەوەی ئیرادەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی لەناو بزوتنەوەی جەماوەری چینایەتی دا بەئاراستەی ڕێکخراوکردنی ناڕەزایەتییەکان بۆ گەشەدانی بزوتنەوەی جەماوەری شورایی بەیەکەوە هەموومان بەیەک دەست ڕابەربین بۆ هێنانەدی ئیدارەدانی شورایی ...

# دریژەی دوا وتە

خەڵکی بێبەشی کوردستان، هۆکارەکەی دەخەنە سەرشانی یەکتری و باکیان بە سفرەی خاڵی سەدان هەزار ئینسانەوە نییە.

دابەشکردنی موچە لە کاتی خۆیدا و زیادکردنی پێ بەپێی گرانی بازاڕ، مافێکی سەرەتایی هەموو فەرمانبەرێکە، بەتایبەتی کە ژیان و گوزەرانی موچەخۆران لەسەر ئەو موچەیەیە کە وەری دەگرن...

ئەو هەلومەرجە سەختەی ژیان، وای کردووە، کە موچەخۆران و خانەنشینان چەند ڕۆژ لەسەرەی موچەکانیان بوەستن و گیان لەدەست بدەن. دیارە بەجیا لەچاوەڕوانی موچەکان و پەیوەست بوونی ڕۆژ بەرۆژی جەماوەرێکی تر بر ئۆردی هەژاران و پەیوەستبوونیان بە هێڵی هەژارییەوە، هاوکات ئەم دۆخە ئاستی خەبات و چاوەڕوانییەکانیان دێنێتە خوارەوە دابین بوونی "نان" دەبێتە ئامانج.

لەگەڵ ئەوەدا ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکی هەژارتر دەبن و توانای دابینکردنی پێداویستیەکان بۆیان سەختر دەبێت، بێکاری زیاتر دەبێت، نرخی شمەکان هەڵدەکشێت، لە بەرامبەردا ملیۆنێر و ملیاردێرەکان زیاد دەکەن، ئەوەش نیشان دەدات کە هۆکاری برسێتی و گرانی و نەبوونی و بێ موچەیی، ریشەی لەم نابەرابەرییە قوڵە چینایەتیەدایە...

پارتی و یەکێتی وەکو دوو حزب و دەسەڵاتی دوو زۆن، حزب و نوێنەری ملیاردێرەکان و ملیۆنێرەکانن و پاراستنی بەرژەوەندی ئەوان ئەرکی سەرەکیانە، بۆیە لەبەرامبەردا چینی کریکار و کارمەند و فەرمانبەران، تاکە ڕێگا و پشتیوانیەک کە دەبێ هەیان بێت، یەکگرتووبون و ڕێکخراو بوون و بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە بەدژی ئەم تاڵانچیانەی حزب و مشتیک سەرمایەداری هاوبەشیاندا، کە دەستیان لە هەرچی سامان و داهات و موچەی موچەخۆران گیر کردووە.

دیارە بەجیا لە داهاتی نەوت کە پارتی و یەکێتی لەنێوان خۆیان دابەشی دەکەن، داهاتی ناوخۆیی هەر زۆنیکیش لەلایەن دەسەڵاتی ئەو زۆنەوە پاوان دەکرێت... لەوانە داهاتی خاڵە سنوریەکان، فرۆکەخانەکان، باج و رسومات، داهاتی دائیرەو کارگەو کارخانەکان... تاد.

ئەگەر پارتی و یەکێتی، یەکتری تۆمەتبار دەکەن بە نەبوونی پارە، و کێشەیان لەسەر داهاتی ناوخۆیە، ئەی بۆچی لە داهاتی نەوت موچە نادەن، کە بەتەواوەتی لە ئێستادا بەشی موچە بەزیادەوە دەکات.

خەڵکی کوردستان بەگشتی و موچەخۆران بە تایبەتی پێویستیان بە رێکخراوبوون و یەکگرتووبوون، پێکهێنانی ریکخراوەی سەربەخۆی خۆیان لە کارگەو ناوەندەکان و شوێنی ژیان هەیە... تا بە هێزی رێکخراو و یەکگرتوانە، وە بەنەخشەوە رووبەرووی زوڵمی دەسەڵات و نەخشە تاڵانکارییەکانیان ببنەوە... پارتی و یەکیتی و بەرپرسە حزبی و حکومیەکانیان، زۆر لەوە تەسەل ترن، کە تێبگەن، نەبوونی و بێ موچەیی یان چی؟ سەختە بۆیان تیبگەن، گرانی چییە؟ بۆیە دەبێ و پێویستە بە هێزی سەراسەری و رێکخراو داهاتی دزروایان لە گەروی تاڵانچیانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەربهێنن.

**سەرەتای ئایاری ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
دانا مەنمی،ئەحمەد هەورامی، شەماڵ بارەوانی، مهاباد جاف، عبدالرحمن رەسوڵ، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، حەکیم میرزا،جەمال نوری، ئارام حەسەن، خالید بایەزیدی...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"12 هەمینساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان"...

## Haiku socialist workers
## هایکۆکانی کرێکارانی سۆشیالیست



هایکۆکانی کرێکارانی
سۆشیالیست

هایکۆی یەکەم:
مرۆڤ و
بەهاو
سۆشیالیزم .

هایکۆی دووەم:
مانادانەوەیە
بەمرۆڤبوون،
یەکسانی.

هایکۆی سێهەم:
نازانی چەند دلڕەقە
سەرمایەداری،
هەتا نەبی بەکرێکار.

هایکۆی چوار:
نەبوونی باشترە،
ژیان!
بەبێ یەکسانی.

هایکۆی پێنج:
گەڕانەوەی
جوانیەکانە بۆ ژن،
یەکسانی.

هایکۆی شەش:
نازانی
مرۆڤ چەند
پیرۆزە،
هەتانەبی
بەکۆمۆنیست!.

هایکۆکانی
چینایەتی
ئێمە هەموو کۆیلەین!
لەچاوی
سەرمایەداریدا.

هایکۆی چینایەتی
زۆرینەی برسی کردوو..
ئەیەوێ دنیا کاولتربکات،
سەرمایەداری.

هایکۆی چینایەتی
زۆرینەی برسی کردوو ..
ئەیەوێ دنیا کاولتربکات،
سەرمایەداری.

هایکۆکانی چینایەتی .
نەپیسکراو نەڕوخا!

هیچی لێنەهات
نەبەسەرماو نە
بەگەرما.
پەیکەری جوانی کارڵ
مارکس.

هایکۆکانی چینایەتی
بۆیان نەڕوخا وبۆیان
لانەبرا،
نەتوانیان وەکو ئەوانبن،
پەیکەری هاوڕێیەتی
مارکس وئەنگلس.

ئەحمەد جوانکار

## دوا وتە

# موچە مۆتەکەی فەرمانبەران...

**عەبدوڵا مەحمود**



خەریکە پێ دەنێینە مانگی پێنجەوە، کەچی تا ئێستا موچەی مانگی سێی و چواری بەشی زۆری موچەخۆران دابەش نەکراوە.

دابەش نەکردنی موچە لە کاتی خۆیدا، فەرمانبەرانی ڕوبەڕووی هەلومەرجێکی زۆر سەخت کردۆتەوە، بەتایبەتیش کە گرانی و نەبوونی لەپاڵ بێ موچەییدا، بۆتە مۆتەکەیەکی ترسناک، کە ژیان کردنی خستۆتە بەردەم مەترسییەوە.

بەپێی زانیارییەکانی خودی حزبەکانی دەسەڵات و شارەزایانی بواری ئابوری، لە ئێستادا داهات و بوجەی زیاد لە پێویست لە بەردەستە، و هۆکاری دابەش نەکردنی پەیوەندی بە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیەوە و بەتاڵان بردنییەوە هەیە. بەدانپیانانی خۆیان قوتی بەشی زۆری خەڵکی کوردستان کە موچەخۆرن، کراوەتە قوربانی ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیەوە.

پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان یەکتری بە هۆکاری نەبوونی بودجەو خاڵی بوونی بانقەکان و نەبوونی پارەی تەواو بۆ دابەش نەکردنی موچەکان تاوانبار دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە موچەخۆران و جەماوەری بێبەشی کوردستان سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بە هۆکاری نەبوونی موچەو دواخستن و هاوکات وێران بوونی خزمەتگوازارییەکان، دەزانن.

ئەگەر چەند ساڵ پێش ئێستا، هۆکاری نەبوونی موچەو خزمەتگوزارییەکان، لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە بەوە پاساو دەدرا، کە شەری داعش هەیە، ئاوارەی زۆر لە کوردستان هەن، نرخی نەوت لەخوارە، بەغدا پارە نانێرێت... کەچی ئێستا نە شەڕی داعش هەیە و نە ئاوارەیی و هاوکات نرخی نەوتیش لەوپەڕی بەرزیدایەو بەغداش مانگانە، پارەی ناردووە.

دیارە موچەی موچەخۆران وابەستەی هیچ کام لەوانە نییەو داهاتەکانی ناوخۆ و بەرهەمی خودی کاری زۆرێک لە وەزارەتەکان، دەتوانێت موچە زامن بکات.

بۆیە پاساوی نەدانی موچەو دواخستنی، درۆیەکی شاخدارەو ناتوانێت هیچ کەسێکی هوشیار و چاوکراوە، بخەڵەتێنێت.

ئەوەی کەوای کردووە موچە نەدرێت، کێشە نەبوونی داهات و بودجە نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان، لەگەڵ مشتێک سەرمایەداری هاوبەشی خۆیان، دەستیان بەسەر داهات و بودجەی خەڵکی کوردستاندا گرتووە. بەجیا لەوانەش پارتی و یەکێتی بۆ شانخاڵی کردنەوەیان لە دابینکردنی موچەو خزمەتگوازارییەکان و خواستە سەرەتاییەکانی

بۆ لاپەڕە 14

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالح...

